کۆمەڵە چیرۆك

# شوناسێک

# نیه بۆ ئاشت بونەوە مان

سەلمان شێخ بزێنی

کەرکوك ٢٠٠٨

ناوی کتێب : شوناسێك نیە بۆ ئاشت بوونەوەمان
نووسەر : سەلمان شێخ بزێنی
دیزاینی بەرگ و ناوەرۆك : مراد برهان
تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە
ئەرکی چاپ : مەڵبەندی ٣٠ دووبز
چاپخانە : شەهید ئازاد هەورامی / کەرکوك / ٢٠٠٨

منەتباری برای هیژام کاك فەیسەل هەمەوەندی نوسەرو ڕۆژنامە نووس
کەبەم کتێبەوە ماندوو بووەبە تێبینیەکانی دەوڵەمەندی کرد .

هەر ووها سوپاسی ئەو بەڕێزانەش دەکەم کە هانیان دام ئەم چیرۆکانە
روناکی ببینن , لە ناو یاندا کاك حمە سعید زەنگەنە .

# پێشەکی

کـەرکوك و چـێرۆك دووهێڵـی تـەریبن بـە کارەسـاتەکان و بەوپەیامانـەی لەهەڕەتی لاویدا لە بیرکردنەوەیەکی چکۆڵە دەبنە ڕێنمایی بەرەبەیانێك یەك لە دوای یەك .

بێئەوەی بێجگە لە گەڕەك و کۆڵان و دارو بەردو تەیرو تواڵە بەولاوە درکیان پێ ناکات و سەربەرزانە دوا ماڵ ئاوایی لەو دوای ژیان دێنن و لە دێـش وەك کوڕە شاری دەبنە دەیان داستان و چەندین هەڵوەدایی بۆ مـەرگ .... هـەر بەو شوناسە , ڕۆژ بەرۆژ زیاتر سروودی دەمی لولە تفەنگەکان و قرمـەقرمی پڕ لە حەیران و بەستەی زەماوەندی بەر لـە بـەرەنگار بونـەوە دەکـەن بـەو پەیامەی لە پێناویدا ئازادی بگێڕنەوە ناو نێشتیمان و سەروەری خۆیان بـۆ ڕۆژێکی پڕ لە سەر بەخۆیی جێی بهێلن .

ئەوەی چێرۆکنوس کاك (سلمان شێخ بزێنی) کۆی کردۆونەتەوە لە کتێبێکدا بە نێوی (شوناسێك نیە بۆ ئاشاتبوونەوەمان) دیارە ناو نیشانی ئەم کتێبە ڕەنگدانەوەی یاخود بیرخستنەوەی هەموو ئەو سەر وەرییانەن کە ئەمڕۆیان دروست کردووە . بۆیە دەستخۆشی لە کاك (سلمان) دەکەم کەبە شێوازێکی تازە تر ئەو ڕۆژگارەو ئەمڕۆ بەراورد دەکات . حەزیش ناکام سیحری ئەو ڕێگاو پێچانەی هەموو دەقەکان باس بکەم , بەڵام زۆر ناسکترو ستاتیکاترە ئەو خەیاڵانە لای هەر یەکێك لە ئێمە ڕەنگ و بۆن و

بوارو ئاراستەیەکی جیاواز تری هەبێ لە یەکێکی تر , ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت دەقەکان لە تەقلیدیەوە دورن و شێوازیان بەنوێگەری زیاتر دەڕسکێن .(ئەلیکس هیل) نوسەرێکی ڕەش پێست دەڵێ !! هەموو دەقێك بەوزمان و نوسینانەی خۆیانەوە کە خاوەنەکەی نوسیونی , هەڵبەت خۆی راو بۆ چوون و قسەی هەبێ , دەنا ئەو هەموو تیراژی زۆری کتێبێك پێویستی نەدەکردو تەنها لە ڕێی راگەیاندنەوە خۆی دەیخۆینا یەوە و خەڵکیش لێی حاڵی دەبون . !! منیش لەگەڵ ئەو نووسەرەم , بەبەڵگەی ئەو قسەیەی ئەفلاتون کردویەتی .. کە دەڵێ: (جوان هەر جوانە ... چونکە خۆی جوانە) ئەمە تەنها قسەیەکە وەڵی خۆێندنەوە یەکی فەلسەفیانە لە پشتەوەی ئەو قسەیەدایە , ئەویش ئەوەیە کەمن و تۆ بۆی دەگەڕێ ین .

فەیسەڵ هەمەوەندی

٢٠٠٨/٢/٢٨ کەرکوك

# فشاری خوێن

لەگەڵ ترپەی پێی مامۆستا دڵت داخورپاو تاس بردیتیەوە.

چونکە هەمیشە گوێ قوڵاغ بویت بۆ بیستنی هەواڵێك، سەرەداوێك.

لەکاتی قسەکانی مامۆستا (هیوا) ڕەنگت دەگۆڕاو گیانت دادەهێزرا، پێت وابوو ئیتر بەشی تۆ هەواڵی ناخۆشو کارەسات بارە.

مامۆستا (هیوا) لەکۆتایی قسەکانی مژدەیەکی خۆشی پێدا یت.

نەتدەزانی چۆن ئەم شەوە بگوزەرێنیت، بەدرێژایی شەو خەونەچووە چاوت، قسەکانی مامۆستات چەندبارە دەکردەوە: "دوژمن وەك مۆرکانە بەربونەتە جەستەی سنەوبەری هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە، ئەم خەڵکەیان بۆ ئەوە لەم ئۆردوگایانە کۆکردونەتەوە، تا بەئاسانی بتوانن ڕۆژانە بەهەربیانویەك بێت بەشێك لەڕۆڵەکانی دابڕنو بەردەوامی بەپرۆسەی لەناو بردنی کوردبدەن.

چەند ڕۆژێك دەبێت لەنمایشێکی درندانەی شۆڤێنییەکان بەبەرچاوی خەڵکەوە دایان بەسەر دوو ماڵداو خانووەکانیان لەگەڵ زەوی تەخت کردو پیاوەکانیان برانو بزرکران، ئەم قسانە لەکاتێکدا دەکەم ئەو مژدەیەشت دەدەمێ ئیتر مەینەتیەکانمان بەکۆتاهاتنو لەوانەیە سبەی مەرگی دوژمن

بەچاوی خۆت ببینیت , چەند رۆژە ئێمە لەچاوەڕوانی کاتەکانی راپەڕیندایین ئەو خەڵکە ئەوەندە پەرۆشی ڕاپەڕینن ئەوە نییە لەبەرگی خۆیان بچنە دەرێ , سبەی هاوکاتی شاری هەولێر ئۆردوگای ئێمەش دەستپێدەکات".

لەگەڵ گوتنەوەی قسەکانی مامۆستا جار ناجارێك ڕادەچەنیتو کوڕەزا بچکۆلەکەت بەسینگتەوە دەنوساند.

دەرکردن لەزێدی بابو باپیران، سوتانو بەتالآن بردنی بەری ڕەنجی دەیان ساڵە، کوشتنو شوێن بزرکردنی ئازیزانت..

وەکو ڤایرۆسێکی کوشندە جەستەی شەکەت کردبویت، ژەمێك نەبو فرمێسکەکانت نەکەونە سەر خوانی بەردەستت، ترس بوبووە مۆتەکەی خەونەکانتو ڕۆژانە بەڕوخسارە چرچو لۆچەکەتەوە دەردەکەوت، پشتت لەژێر باری کۆستێکی گەورەدا چەماوەتەوەو زیاتر لەبەشێکی لەجگەرت لەشالآوی ئەنفالدا بەرچنگی دوژمن کەوتن، ئەوەی لەپاش خێزانەکەت مایەوە کوڕەزا بچکۆلەکەت بوو، ئەو ڕۆژە لە نەخۆشخانەی شار بەدیارییەوە بویتو ئێستا بۆتە تاکە هاودەمی تەنیایت.

بەیانی لەگەڵ گزنگی خۆرا سەرکەوتیتە سەر پلیکانەکەو گوێت هەڵخست..

ئـەم چـاوەڕوانیە لەناخــەوە دەیهەژانـدیتو قــوڵپی گریانێـك لەگەروتــدا سەریدەکرد، لەشادیتا خونچە کاڵبوەکانی خەندەت دەپـشکوتا، لەسـۆماتدا وڵاتێکی خاڵی لەقینو تەژی لەخۆشەویستیت دەبینی.

لەبـەر خۆتــەوە لێکدانــەوەت بـۆ پــاش ڕاپــەڕین دەکـردو پرسـیارت لــە خۆتـدەکرد: (ئایـا دەبێـت زیندانـەکان هــەموو بـەدوای یەکـدا دەرگاکانیـان بشکێنو بەدیداری ئازیزانمـان شـادبینەوە؟ دەبێـت ئـەم خەڵکـە هەریەکـەو بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان؟ ئێمەش ببینەوە بەخێزانـە گەورەکـەی جـارانو بــچینەوە کــەرکوك لــەجێ هــەواری خۆمــان مــاڵێکی خۆشــتر لــەجاران چێبکەین؟).

ئەم خـۆ دواندنـەت هەسـتی نـەدەبردیت، وەك ڕۆژووان لەچـاوەڕوانی تـۆپی بەربانگدا بێت.. چرکەکانت دەژمارد.

بەبیــستنی بــانگی ڕاپــەڕینو دەرکــەوتنی خــەڵك لەماڵــەکانیان تــۆش هەلهەلەیەکی دورو درێژت لێـداو هاتیتـە خـوارەوە، چـیت لەدەسـت نـەهات جگـە لـەوەی دەسـت بدەیتــە دارێکومــاڵ بــەماڵ لــەدەرگاکان بـدەیتو بەقوربانی یەکبەیەکی خەڵکی ڕاپەریوبیت.

ڕاپەڕین، تەواوبوو، دوژمن بەسەری شۆڕەوە دەرکرا.

ئەوەندەی نەبرد وڵات بو بەگۆڕەپانی مل ملانێیەکی ترسناکو کەس لایەکی لیێ نەکردیەوە، ئەو پرسیارانەی تۆش رۆژگار وەڵامی نەدایتەوەو هەموو کەوتنەبەر گەردەلولی شەڕی ناوخۆو، قاتوقڕیو برسێتیو چاوەڕوانی بێ هودەی گەڕانەوەو دەرنەکەوتنی چارەنوسی ئازیزانت.

گریێ دەرونیەکانت بونەفشاری خوێنو جەستەی لاوازی تۆش بەرگەی نەگرت، تا لەئێوارەیەکی درەنگ وەختا کوڕەزاکەت لەسوچێکی ژورە ساردو سڕەکەت بۆ دواجار بەجێهێشت.

# هەڵدانەوەی گۆڕی عەشقێك

ئەم جارەیان بۆ ماوەیەك لە بەرانبەر، ئاوێنەكەی مایەوە، ورد ورد لە خـۆی رادەما لە خۆی رازینە بوو، میكیاجەكەی زۆر تۆخ كرد بوو ئەم بە دەگمـەن میكیاجی دەكرد، وەك ئەوەی گۆڕانێـك لـە سروشـتی كەسـێتی ئـەم ڕوویـدا بێت خۆشی گومانی لە خۆی دەكرد، هەنگاوێكی دەنا بۆ دەرەوە هـەنگاوی دووەم دەگەڕایەوە بەر ئاوێنەكەی, دەیویست میكیاجەكـەی كـاڵ بكاتـەوە، ئەمەی چەند بارە كردەوە، خەریكبوو مێشكی ماندوو دەبـوو، ناچـار خـۆی یـەكلا كـردەوە، جانتاكـەی هـەڵگرتوو نامەكـەی ڕێبـوار كـە تـازە پێـی گەیـشتبوو... تونـد بـە سـینگەوەنا و لـە جێگـا تایبەتییەكـەی دانایـەوە, بـەرەو ژوورەكـەی دایكـی چـوو لەسـەر دەرگاكـە هەڵوەسـتەیەكی كـردو بزەیەكی خستە سەر لێوی و بۆ ماچ كردنی دایكی خـۆی ئامـادەكرد, بـەڵام جیاواز لەگەڵ ڕۆژانی تر دایكی ئـامێزی بـۆ نەگرتـەوە, دای بـە بـان چـۆكی خۆیدا:"كچە شیرینەكەم ئەوە بۆخۆت لە رەنگ هەڵكێشاوە؟, نەكەی ماچـم بكەیت من لەم كارەت ڕازی نیم". كچە بەسەر خۆی نەهێنا ماچـێكی دایكـی كردو گوتی:"ببورە دایكە گیان بەخوا خۆشم بەمە رازی نیم, بەڵام با ئەمڕۆ وابێـت درەنگـە خەریكـە كـاتم لێـدەڕوات، لێتـی ناشـارمەوە ئـەم ئێوارەیـە دەبێت رێبوار ببینم و ڕێ و شوێنی ئاهەنگی مارەبڕینەكەمان تاوتوێ بكەین بەسـەلامەت دایكـە". لـەماڵ دەرچـوو خـۆی بـە كۆڵانەكـەدا كـردو بـەرەو شـەقامەكە هـەنگاوی نـا, شـەماڵش دەتگـوت دەسـتی رێبـوارە پرچـە

زەردەکـەی بەسەرشـان و ملیـدا پـەخش دەکـرد, لەشـەقامەکە پەڕێیـەوە کۆڵانێکی تر قوتیدا, پاش کەمێك لەو سەر کۆڵانەکە دەرکەوت بـەرەو ژوور هەڵکشا, لایدایە بارەگـای ڕێکخراوێکـی ژنـان و لـە پرسـگە وەك ئەنـدامێکی تازە خۆی ناساند, خانمی پرسگە دوای بەخێر هێنان ژووری خانمی جێگری نیـشاندا، خـانمی جێگـر لەسـەر کورسـییەکەی هەڵـساو دەسـتی یـەکتریان گوشـی, خـانم ژنێکـی بـەفیزبوو پرچـە رەشـەکەی قـووت کـرد بـوو, چـاوە گـەورەکانی بـەهێڵێکی رەش بـۆلای گوێـچکەی ڕاکێـشابوو, میکیاجەکـەی ئەوەنــدە تــۆخ کردبــوو ڕووخــساری شــێواندبوو, خــانمی جێگــر لەســەر کورسییەکەی نیو خول سوڕاو بە بزەیەکی دەستکردەوە گوتی:"ڕێژین خان بەخێربێیت بۆ مـاڵی دووەمـی خـۆت، هاتنـت درەنـگ بـوو بـەڵام دەتوانیـت قـــەرەبووی بکەیتـــەوە، لـــەم مـــاوە کەمـــەدا نـــاتوانین کـــارو ئامـــانجی ڕێکخراوەکەمانت بۆ شیبکەینەوە، ئەگەر بکرێت کـەمێك لـە ژیـانی تایبـەتی خۆتمـان بـۆ بـاس بکـەیت خۆشـحاڵدەبین. لەگـەڵ قـسەکەی خـانمی جێگـر خانمێکی تر هاتە ژوورەوە لـە بەرانبـەر ڕێـژین دانیـشت، جلێکـی پۆشـیبوو پێدەچوو هـەر ئـەو ڕۆژە مۆدێلەکـەی گەیـشتبێتە شـار، پرچـەکەی لـە بـان سەری کۆکردبۆوە، خانمی جێگر بە یەکی ناسـاندن:" ڕێـژین خـان ئەنـدامی تازەی ڕێکخراوەکـەمان، ڤیـان خـان لـە بەشـی هۆشـیاری". خـانمی جێگـر قامکەکانی تێکپەڕاندوو ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکە داناو روویکردە ڕێـژین: "بفەرموو ڕێژین خان... ئەوە تا گوێمان لێگرتووی". ڕێژین کـەمێك شـڵەژا

کوڵمـەکانی سـوورهەڵگەڕان خـۆی خـەریك کـرد، یەکـەم جـاری بـوو خـۆی لەبـەردەم وا پرسـیارێك ببینێتـەوە لـەو کاتـەی بەرانبـەرەکانی نزیکیـان لـە گەڵیدا نەبێت، ڕێژین هەمیشە کـراوە بـوو لەگـەڵ دەورووبـەری خۆیـدا، خـۆ پـارێزی نـەدەکرد هـەرواش ڕاشـکاوانە گـوتی: "کـچی گـەورەی ماڵـەوەم خۆشەویـستی خێزانەکـەمانم دەرچـووی پـەیمانگای (.... )م خۆشەویـستی دەسـتپێکی کارەکانمـە، وڵات و گـەلی خـۆم خۆشـدەوێت، هـەروەها دەوروبەریشم. سروشـت بەهەشـتی ناخمـە و هەمیـشە گـۆرانی بـۆ دەچـڕم، لەگەڵ هەموو تاریك و ڕوونێکدا هیوا لە ئامێز دەگرم، لە وەرزەکانـدا پـایزی بێنازم خۆشدەوێت، لە ڕەنگەکان ڕەنگی کاڵم بەدڵە لە ژیاندا سـادەییم پـێ خۆشە، بۆ دوا ڕۆژی ژیانم بڕیاری خۆمداوە". لەم کاتەدا ڕێـژین ئەڵقەکـەی لە پەنجەی دەسووڕاند، هەردوو خانم سەرنجیان لەنێوان پەنجـەکانی ڕێـژین دەگواستەوە، خانمی جێگر سەری لەقاندو ورتەی لێوەنەهات , لەو لاشـەوە خانمەکەی تـر هەڵیدایـەو گـوتی:"ئەمانـەی تـۆ گوتـت شـتی گشتی بـوون, ئەوانەی پەیوەندی بەخۆتەوە هەیەو وەك گەنجێك خـۆت لێیـان بـوارد, یـان درکیان پێناکەیت...وادیارە هەست بە گرنگی ئەم قۆناغەی ژیانت ناکەیت و دواتر لەدەستت دەچێت, ئیتر دەبێتە خەونێك و هەرگیز گەڕانەوەی بۆنیـە, لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنتدا ئەلبوومەکەت هەڵئەدەیتەوە هیچ شانازییەکت بۆ ناگێڕێتەوە, لەوانەیە ئەوکات کێشەی دەروونیت بۆ دروست بکات؟".

خانمی جێگر سەرنجی لەنێوان رێـژن و ڤیـان دەگواسـتەوە, رێـژین تووشـی جۆرێك لە شڵەژان هات, رەنگێکی هێناو بردو بەفکراچوو...روویکـردە ڤیـان :"ببورە خانم لە قسەکانت نەگەیشتم؟!".

ڤیان بەخۆهەڵکێشانەوە گـوتی:"دیـارە مەبەسـتم روونـە ئەوەتـە رەنگێکـی زینـدووت بـۆ میکیاجەکـەت بـەکار نـەهێناوە, پانتۆڵەکـەت لـەهێن پیـاوان دەچێت, کراسە شۆڕەکەت سمتە خڕەکەتی داپۆشیوە, مەمکەکانت وەهانە بەستووە تا رەونەقێك بەجوانییەکەت بدات, ئەوەش بزانـە ئەمانـە هـەمووی چەکی دەستی تۆی گەنجن! لەسەرەتای تەمەنتدا خۆت خستۆتە ناو بـەربر سیاریەکی ئاڵۆزەوە ئـەویش بەهاوسـەربوونە, لەوانەیـە یەکـەم داوی کـوڕان بووبێت لێـی نەبووبێتیـەوە!, ئەمـەش کـەم ئـەزموونی خـۆت دەگەیـەنێت, ئەوەشت نەزانیوە کە کوڕان بە زمانێك دەسـتەمۆت دەکـەن تـا خۆیـان تێـر دەکەن و شیلەی گەنجێتیت دەمژن, دواتر بەزمانێکی تر لەگەڵتـدا دەدوێـن, ئەوسـا تـۆش کـاڵ دەبیتـەوەو ناتوانیـت ئەسـپی خـۆت لـەم مەیدانـەدا تاوبدەیت".

رێـژین سـەری بـەردابۆوە کۆشـی و گـوێی شـل کردبـوو, هەسـتی دەکـرد قسەکانی ڤیان دزە دەکەنە مێشکێوەو جێگیر دەبن و لە هەوڵی سڕینەوەی بیرو راکانی خۆین. لەگەڵ بێدەنگ بـوونی ڤیـان, رێـژین کەوتـە سـەر بـاڵی خەیاڵ و لە سۆمایدا کارو بەرنامەی رۆژانی پێشووتری وەك یادگاری دەهاتە بەرچـاوو ئاسـەوارەکەی بـە سـەر دەکـردەوە, لـە حەژمـەتان دەسـتی بـە

سەرەیەوەگرت , هەولێدا ئەمە بشارێتەوە, بەگرانەوە سەری بەرزکردەوە گوتی:"بمبورن کەمێك سەرم ئازاری هەیە". بەلأم ئەوان هەستیان بە جۆرێك نا ئارامی رێژین کرد, خانمی جێگر لەسەر کورسیەکەی هەڵساو لە رێژین نزیك بۆوەو پێی گوت:"ئەوە رای تایبەتی ڤیان خۆیەتی ئێمە لێی بەر پرسیار نین, تۆش دەتوانیت ڕای خۆت هەبێت".

رێژین سەرێکی بۆ لەقاندو تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی کردو وای نیشاندا دەرەنگێتی, داوای ئیزنی لە خانمی جێگرو ڤیان کردو ئەوانی جێ هێشت, نەگەیشتبووە سەر دەرگا ڤیان بانگی لێکرد:"رێژین خان با قوربانیت زۆر بێت!".

لەگەڵ جێهێشتنی بارەگا، زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا...کردێوە تەزوویەك بە گیانیدا هات دڵەکوتەی پێکەوت، ماوەیەکی ویست تا هاتەوە سەر خۆی و وڵامیدایەوە: "چیتە رێبوار ئەم خۆتەنگاوکردنەی بۆچییە ئەوەتا بەرێوەم ". رێژین ئارەقە لە گۆنای دەچۆڕا قسەکانی ڤیان ئیشی خۆی کردبوو، تەواو لە دونیای خۆی نامۆ بوو، وەك ئەوەی هەستەکانی کۆپی کرابن.. نەك رێژینی دوو کاتژمێر بەرلە ئێستا، تەواو گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، بەلأم لەگەڵ ئەم بارە نوێیەی ڕانەهاتبوو بۆیە لە روخساریدا جۆرێك نا ئارامی دەخوێندرایەوە. هەر چەندە جێگە ژووانی ڕێبوار دوور بوو بەلأم بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات تا لەگەڵ ڕێبوار سووك و ئاسان لێی دەرچێت، بە پیادە شەقامەکەی دایە بەرووکەوتە خۆ دواندن: "باقوربانیت زۆر بێت...

ڕێبواری هەژار یەکەم قوربانیم دەبێت، وایە ئیتر ڕاستیان گوتووە (دنیا پێچی مێزەرێکە) بەم هەڕەتی گەنجیمە بۆ خۆم بخەمە ناو خەمی ماڵ و حاڵەوە؟، هەر وایە جوانی خۆمە بێ مەزە دەخورێم، دەنا ڕێبوارو دەیانی وەك ڕێبوار بۆ ئەوەندە گیرۆدەم دەبن، چ زۆرە کچ زۆرە... نا دەبێت ساویلکەیەکیان کەوتبێتە بەردەست (هەست بە گرنگی ئەم قۆناغەی تەمەنت ناکەیت) وایە دەبێت لە دەستی نەدەم!، ئەسپی خۆم لەم مەیدانەدا تاودەم... چۆن ئەسپێك ملبەرزی کلك لەسەرشان هەمیشە لە چوار ناڵە بدات و کوڕان لە نێو گەردوو تۆزیدا پەل بکوتن، سووچی خۆیانە با نەیەنە مەیدانم"!.

لەو ماوەیەی بەڕێوە بوو چەند جارێك زەنگی ڕێبوار لێیدا بەڵام ڕێژین مۆبایلەکەی دادەخست و وەڵامی نادایەوە، لەگەڵ گەیشتنی ڕێژین , ڕێبوار بەرەو پیری هات، بەسەر سامی لە روخساری ڕێژین ڕاما، بەشێوەیەکی دەیبینی کە بڕوای نەدەکرد، ئەو خەندەیەی هەمیشە لەسەر لێوەکانی دەردەکەوت و دیدارەکانی دەڕازاندەوە، ئەو ماچانەی دەبوونە مەزەی ئێوارە ژوانەکان ئەم ئێوارەیە دیار نەبوون!، ڕێبوار خۆی لێ نزیکتر کردەوە: چیتە ڕێژین دڵم تەقی بۆ دەبێت شتێك ڕوویدا بێت من پێی نەزانم ". ڕێژین سەری بەردایەوە و گوتی: " کێشەی تایبەتی خۆمە ... هەندێك هەڵەی گەورەم کردووە بۆ چوونە ناو ئەم قۆناغەی ژیانم، هەروەها لەگەڵ تووشدا بڕیاری بە پەلەم داوە، بۆیە داوای بەخشینت لێدەکەم". ئەڵقەکەی

لە پەنجەی کردەوە و لەبەردەم ڕێبوار داینا، ڕێبوار زەرد هەڵگەڕا تکای لێکرد:" نا ڕێژین ئەم بڕیارەی ئێمە زادەی عەشقێکی پاکە، ١٤ مانگە قوربانی بە حەزەکانمان ئەدەین.... ١٤ مانگە شەونخونی ئەکەین بە دیار ئەم عەشقەوە ١٤ مانگە ناخی یەکتر دەخوێنینەوە، دوا بڕیاریش لە دەستی خۆتدا بووە، ئاخر ١٤ مانگ بڕیاری بە پەلە نییە ڕێژین خان". ڕێژین هەڵسا بڕوات ڕێبوار قۆڵی گرتوو داینایەوە پێی گوت:" نا ڕێژین خان.. تا بە دەستی خۆت ئەم عەشقە نەنێژیت نابێت بڕۆیت". ڕێبوار چاڵێکی پێ کردوو ئەڵقەکەی پێ کردە ناوی و پێشی باندا, خۆشی دووبەردی هێنا لە شێوەی کێل نیشانەی کرد بە ڕێژینی گوت:" هەر کاتێك پەشیمان بوویتەوە وەرە ئەم گۆڕە هەڵدەوە و ئەڵقەکەت بخەرەوە پەنجەت، منیش بە هەمان سۆزی عەشقەوە لە ئامێزت دەگرمەوە، بە هیوای ئەو ڕۆژە بە خوام سپاردیت". ڕێژین گریان ئەوکی گرتبوو، فرمێسکی شەرمەزاری لە چاوەکانی قەتیسمان، ورتەی لێوە نەهات، ڕێبواری جێ هێشتوو جێگە ژووان بوو بە یادگارییەکی تاڵ.

پێنج مانگ بەسەر ئەو بەروارەدا تێپەڕیی... خۆشەویستی ڕێبوار لە دڵی ڕێژین دا هەر زیندوو مایەوە، هەستیدە کرد بێ ڕێبوار ژیان لای ئەم هیچ واتایەکی نابێت، ڕۆژ بە ڕۆژ گڕی ئەم عەشقەی بە جۆشتر دەبێت، هەر چەندی دەکرد نەیدەتوانی خۆی بخەڵەتێنێ تاوای لێهات بەرگەی نەگرت، بڕیاریدا سبەی سۆراغی ڕێبوار بکات، بەبیری هاتەوە پێش هەر شتێك

دەبێـت راسـپاردەکەی رێبـوار جێبـەجێ بکـات. ! کەوتـە نـاو گێـژاوی خەیاڵەوە، پێش بینییەکان بە لێشاو بە مێشکیدا گوزەریـان دەکـرد، تـاڵ، شیرین، مەرگ، ژیان، ئەمانە هەموویان گریمانەبوون، ئـەنجام لەگەڵیـەك لـە مانە رووبەڕوو دەبێتەوە، ڕێژین مۆبایلەکەی کـردەوە و زەنگـی بـۆ کـچێکی هـاوڕێی لێـداو داوای هاوکـاریی لێکـرد، ئـەو شـەوە خـەو نەچـووە چـاوی، نەیدەزانی چۆن خـۆی بـۆ سـبەی ئامـادە بکـات لەبـەر خۆیـەوە دەیگـوت و دەیگوتەوە:" ئەوەی بەرانبەری کردم بـەگران لەسـەرم دەوەسـتێت! چـۆن بتوانم قـەرەبووی بکەمـەوە، چـۆن بتـوانم خـۆم لـە بەرانبـەر پرسـیارەکانی رابگرم؟ ئەی ئەگەر ژنی هێناو بوو چی ؟ یان بۆ تۆڵە سەندنەوە دەستی بە روومانا من چیبکەم؟ هەموو شت دەبێت بە تایبەت مرۆڤ بـۆ تۆڵەسـەندنەوە سەری پێوە نییە، لەوانەیە خۆی بۆ ئەمە ئامادە کردبێـت، دەنـا لـەم مـاوە زۆرەدا بـۆ زەنگێکـی بـۆ نـەکردم؟ نـازانم مـرۆڤ بـۆ ئەوەنـدە چـێژ لـە تۆڵـە سەندنەوە وەردەگرێت، ئەمێستا من هەڵـە بـووم تـاوانم کـرد دە رێبـوار تـۆ بمبەخشە". تا سبەینێ لەسەر جێگاکەی تلیدا و بـە دەم ئـەم پرسـیارانەوە ئازاری نۆشی، سبەی لەگەڵ کـچە هاوڕێکـەی بـە رێکـەوتن بـۆ هەڵدانـەوەی گۆڕی عەشقەکەی، ئەوەی لە دڵـی دابـوو بـۆ هاوڕێکـەی هەڵیڕشـت و خـۆی دەستەو داوێن کرد تا دڵسۆزانە هاوکاری بکات، هاوڕێکەشی بەڵێنی پێدا.

سەرەتای وەرزی بەهار بوو، گڵۆپە رەنگاورەنگەکان بۆ رازاندنەوەی شار بە درێـــژایی شـــەقامەکان هەڵواســـرابوون، لەگـــەڵ خۆنوانـــدنی باخـــچەکاندا

سیمایەکی قەشەنگیان بە شار بەخشیبوو، بۆنی نێرگز شەقام و کۆلانی پڕ کرد بوو، بە هەر شوێنێکی شاردا گوزەرت بکردایە دەتبینی قامکەنێرگز ئەم دەست و ئەو دەست دەکات و دەبێتە دیاری بۆ خشەویستان. ڕێژین و هاوڕێکەی گەیشتنە قەراغی شار, سەر سام بوون بە ئاپۆڕەی خەڵك و کاروانی ئۆتۆمبێلەکان، دیمەنێکی یەکجار جوان بوون کاتێك لە شار دەردەچوون بەو دەشت و دەم چۆمانە بلاودەبوونەوە و بەسەر ئەو بەرزاییانەو تەپۆلکە شاخانە دەکەوتن، ڕێژین دەستی راستی لەژێر باڵی چەپی نابوو کوتەی دڵی لە زیادبوون بوو، هاوڕێکەشی دەستی گرتبوو، بەو بەرزاییەدا هەڵزنان کەدەکەوتە لای چەپی جادەکە بە کۆمەڵە دارێکی بەرز داپۆشرابوو، گەیشتنە ژێر دارەکان و ڕێژین چاوی گێڕا نەیدۆزییەوە، زستانی رابردوو بارانێکی زۆر باریبوو رووی زەوییەکەی گۆڕیبوو گیاو گوڵش ئەو ناوەی داپۆشیبوو، ڕێژین دانیشت و چەند مەترێکی زەوییەکەی بۆ هاوڕێکەی نیشانە کرد، بە وردی گەڕان پاش ماندوو بونێکی زۆر لەژێر گوڵە حاجیلەکاندا یەك لەو بەردانە دەرکەوت کە ڕێژین ناسییەوە بە دەستی ڕێبوار چەقێندرابوو، پاش هەڵکەندن ئەڵقەکەیان تیا دۆزییەوە، ڕێژین شاگەشکە بوو، چەند جارێك ماچی کردوو بە سینگێوە نووساند و کردییەوە پەنجەی، لەگەڵ هاوڕێکەی باوەشیان بە یەکداکرد، هاوڕێکەی بەڕێژینی گوت:" ئەوەی لە بارەی خۆتەوە پێتگوتم پرسیار گەلێکی لا دروست کردم! نازانم بۆ دەبێت ئێمەی رەگەزی مێ ئەوەندە لە بەرانبەر رەگەزی

نێردا جیاوازییە جەستەییەکانمان زەق بکەینەوەبۆ وروژانی حەزەکانیان و ببینە هۆی ئازاری ئەوان , لە کاتێکدابێدەنگین لە بەرانبەر نمایش کردنی جەستەمان کە شەوانە لەکەناڵە سێکسییەکان نیشان ئەدرێت و لەسەر سیدییەکان دەفرۆشرێت، کوڕان تادرەنگانی شەو بە دیارییەوە دەتاسێن و ناچار دەبن پەنا بۆ کەرەستە بێ هۆشکەرەکان بەرن تا لە فشاری حەزەکانیان کەم کەنەوە، لەشو لاری ژنان ئەمڕۆ بە ناشرینترین شێوە نیشان ئەدرێت و ڕیکلامی پێدەکرێت بۆ سوودی بازرگانی و گیرفان پڕکردن". ڕێژین قسەکەی پێ بڕی و گوتی:" ئەم باسە با هەڵگرین بۆ کاتێکی تر، من هەر بە لاشە لای تۆم مشورێکم بخۆ خەریکە لەرزم لێدێت".

ڕێژین مۆبایلەکەی بۆ ڕاگرت:" هانێ ئەم پەیوەندییەم بۆ وەرگرە وریابە ژمارەی ڕێبوارە ! ". هاوڕێکەی لێی وەرگرت و پێی گوت:"نا ڕێژین من ناتوانم لەبری توقسان بکەم، دەترسم ڕێبوار بە شۆخی بزانێت، چونکە بێگومانم دەنگی تودەناسێت، باشترە من پەیوەندییەکەت بۆ وەردەگرم و خۆت قسەی لەگەڵدابکە". هاوڕێکەی کەوتە پەیوەندیی کردن، پاش کەمێك وڵامی درایەوە:" ببوورە خانم ئەو کەسەی ناوت هێنا نایناسم لەوانەیە پێشووتر ئەم سیم کارتە هی ئەو ڕێبوار ناوە بووبێت، ٤٥ رۆژ دەبێت من لە هەردی ناوێکم کڕیوە:". هاوڕێکەی ڕەنگێکی هێناو برد نیگایەکی ڕێژینی کرد، ڕێژین لێی هاتە پێشەوە ویستی شتێك بڵێت بەڵام هاوڕێکەی ماوەی نەداوپێی گوت:" بۆ ئاوا خۆت تێکداوە؟ ڕێبوار سیمکارتەکەی بە کەسێکی

تر فرۆشتووە هەر ئەوەندە... نۆرماڵیان هەیە ژمارەکەیان لاتبێت؟ ڕێژین مۆبایلەکەی وەرگرتەوەو ژمارەکەی دەرهێناو دایەوە دەستی، هاوڕێکەی ژمارەکەی لێداو پرسی:" ماڵی مامۆستا قاسم باوکی ڕێبوارە؟ جا تکایە دەمەوێت لەگەڵ ڕێبوار قسەبکەم". هاوڕێکەی بە پەلەو خەندە لەسەر لێوەوە مۆبایلەکەی دایەوەڕێژین:" هانێ بگرە خۆت قسەی لەگەڵدا بکە، چیتە بۆ وا دەلەرزیت؟! دەی وابزانە هیچ ڕوونەداوە، بە ڕێبوار بڵێ با بێت بۆ ئێرە وادەکەم هەموو شتێك بەدڵی تو تەواوبێت". ڕێژین ماوەیەك لە پەیوەندیی مایەوە پێی وابوو بەدووی ڕێبواردا چونە و هاکە ڕێبوار دێتە سەر تەلەفون ئەوجا چی ڕوو دەدات، ترپەی دڵی بە ئاشکرا دەبیسترا لە دڵی خۆیدا یەك ڕستەی ئامادەکردبو، ئەگەر ڕێبوار سەرزەنشتی بکات پێی دەڵێت:" من هەڵە بووم... تاوانم کرد دە تو بمبەخشە!". هاوڕێکەشی لە تەنیشتێوە پەیتاپەیتا هانی ئەدا:" کچێ لەسەرخۆتبە درێژ دادڕی لەگەڵدا نەکەی، بانگی بکە بێتەئێرە خۆم دەزانم چیت بۆدەکەم، ڕاشکاوانە پێی بڵێ: من ڕێژینم.. پەشیمانم و لەسەر گفتی خۆت وام لەجێ ژووانی جاران ئەڵقەکەتم خستۆتەوە پەنجەم، دە تۆش وەرە لە ئامێزم بگرەو فرمێسکی پەشیمانیم بسرە، دەی.. چیتە داوەشێی، چۆکت بۆ دەلەرزێت؟". ڕێژین بزەیەکی کاڵی خستە سەر لێوی و سەری بۆ لەقاند، دەنگی هەمان ژن بوو: " فەرموو تۆ کێی". ڕێژین ڕاچەنی:" ببوورە خانم دەمەوێت لەگەڵ ڕێبوار خۆیدا قسەبکەم". ژنە بە دەنگێك نیوەی گریان بوو پرسی:" بە قوربانی

زارت بم تو کێی وا بە درەنگەوە سۆراغی رێبوار دەکەیت؟ رێبوار دوو مانگ بەر لەئێستا لەرێگای سەفەر بۆ هەندەران، لەگەڵ دوو هاوڕێی کەوتنە ئـاوی ئیجەوە و تیاچـوون". رێـژین شـل داهـەزاو دەم و روو کەوتـە سـەر زەوی، هاورێکەی چەمایەوەو لەباوەشیکرد.

# ڕوتبونەوە لەبەر ئاوێنەی ویژدانا

ئـەم تەپۆلكـە خۆڵانـەی بـەردەممان , شـوێنەواری گوندێكـە, ماڵـەكانی لـە نێـوان دارە بەرزەكانـەوە , لەگـەڵ خـۆرا سـەر تاتكێیـانبوو, ئـەو كۆتەڵـە سوتاوانەی بنارەكەش رەوەزێكی چڕ و پڕ بو , جێگە فڕێنی مەلی خـەیاڵ و چریكەی عەشق بو .. بۆ ژیان .

(١٦) ساڵ بەر لە ئێستا, لەسەر ئەم كەپكە شاخە دانیـشتبوم, رانەكـەم بـۆ رەوەزەكــە هەڵــدابۆوە, وەرزەبــە هــارێكی تــەڕبۆ, كــات زەردەپــەڕو گوڵەگەنمـەكان, بەشـەماڵی ئێـوارە كەروێـشكەیاندەكرد. منـیش سـۆزم هەڵسابو, بەنەزمی ئێوارەكانیتر فومبە شمشاڵەكەمداكرد, دەم ویست وەك مامە (قاڵە) ئەو كەندو لەندە لە خرۆشـی روحـم پڕبكـەم و بەسـەر باڵەكانـدا رەتبێت و بەكۆڵانەكانی ئاواییدا شۆربێتەوە بـۆ دەم زێـی بـچوك... تالـەوێ تێكەڵ بەچریكەی پـۆڕو كەناریەكانـدەبێت ئەوسـا عەشـقەكەم, بەسـەربانی خانودەكەوێت و بەجلی ئالۆ والاوە, خۆیلەبەردیدەم نمایشدەكات و بەدەم و دەست رازو نیازم لەگەڵدادەكات .

وەڵی ئەو ئێوارەیە, لەسەربان نەمبینی و دڵەخورپەم پێكەوت, بەسەدو یەك پرسیارەوە گەرامەوە ماڵەوە. ژەمی ئێوارەم نەخوارد, جێگاكەم راكێشایە بەرپەنجەرەكەو پەردەكەیم لاداو, لەسەرجێگاكەم راكشام و گوێم بۆ چـپەی دەرەوە هەڵخست, مـن كەخـەو لـە چـاوانم تۆرابـون, خـەیاڵ دەیهێنـام و دەیبردم, چاوم بڕیبووەبن میچی ژورەكـەو لەبەرخۆمـەوەدەمگوت:" دەڵـێن

میوانیـان هـاتووە, ئـاخۆچ میوانێکبێـت؟؟ ئـەم ئێوارەیـە کـۆڵان تاریـك و ئاوایی بێسروە، چ میوانێکی نابەلەدە, روی لـەم گونـدەکردوە,! ئـەم شـەو لەگـەڵ هـەڵهاتنی مانگـدا, عاشـقان نـاتوانن لەماڵـەکانیان دەرکـەون, ئـەم شەوخەڵوەتی عەشقەو دوا بڕیاری پرۆسەکەیە, ئەوەچ میوانێکبو بیناقاقـای گرتین..؟ دەڵێن میوان خۆشەویستەو خێر بەپێیەوەیەتی..! ئـەی ئەوەنیـە هەناسەکان تەنگە و رەوتەکان خەریکە رادەوەستن؟". لەگەڵ قسەکانمدا , یەکەیەکەی دوگمەی کراسەکەم دەکردەوە و بەقوڵی هەناسەم دەدا, گومـان لە هاتنی ئەو میوانانەئازاری دەدام، تـرس لـەو میواندارییـە شـپرزەی کـرد بوم، ئای چەندەدڵم تەنگبو .. ئەوشەوە لام ببو بەسـاڵێك, دەتگـوت زەوی لە سوڕانی خۆی وەستاوە .

شەو ڕاکشابوو , بـۆلای بـەیانی وکەڵەشـێرەکان کەوتبونـە قولـەقول, مـنی پرزەلێـبڕاو .. بـەدەم خەیاڵـەوە چـاوم چـووەخەو, لەخـەوما دەسـتێکی کـچانەی سـپی ناسـك, نامەیـەکی لەپەنجەرەکـەوە خـستە ژورەوە، منـیش بەپەلە هەڵم پچڕی و کەوتمەخوێندنەوەی : (شەو باش شـوانەگیان, تکایـە گۆیم بۆشلکە و لەگەڵ وشـەکانمدا بەسـەلیقەبە, چـونکەدوا پـەیامی منـەبۆ توو !.

بمبەخـشە شـوانەگیان کەنـەکرا ئـەم ئێوارەیـە, بۆتبکەومـە سـەربان و بەزەردەخەنەیەکشبێت دڵت خۆشـبکەم, دواتـر ئەمـەدەزانیت!!). سـەرم خوارکردەوەبۆدیـوی دەرەوە تاکـچە ببیـنم, کـەپێموابو لەتەنیـشت

پەنجەرەکـە, پیـشتی بەدیوارەکـەوەداوە چـاوەڕوانی هەڵوەێـستی منــە، پەرۆشیم بۆ دوادێڕەکانی نامەکە, بـەردەوامبوم لەخوێندنـەوەی:( گـوێبگرە شـوانە گیـان .. ئێمـە لەگەمەیـەکی منداڵییمانـەوە دەسـتمان پێکـردو لـە هەرزەکاریدا خەونـەکانمان لەسـەری هەڵـچنی .. هەنوکـەش گـەورە بـوین و خەریکبوو دوابڕیاری خۆمان بدەین ! ئەوان .. شـەڕیان لـەدژمان ڕاگەیانـد, ئا .. ئەوان..! هەر ئەوەندەشنا...! دیارە ئێمە شەڕەکە نابەینەوە شـوانە گیان, چونکە عاشقان کەم و ئەوان سوپاپەکن بێئەژمار, ئەوان لەسـەنگەری شەرەفدان و ئێمەش بیابانێك بۆ سەنگەسـارکردنمان, ئـەوان بـەهێزی بـازو ئێمەش لەسەرقەدەر، جابۆئەوەی عەشق خۆیبەدەستەوەنەدات, بۆ ئەوەی چیتر نەتوانن, بێشەرمانە گرەو لەسەر بردنەوەی بکەن و میوانی چاوچنۆك بانگك هێشتی سەرخوانی تاڵانی عەشق بکەن .. ئەمشەو بڕیاری خۆمدا !

ئاشـکرایە... تەنهاکـچان ئامـانجی ئـەم جەنگـە نابەرانبـەرەن, هەرئـەوانش باڵانسی عەشق رادەکرن، بمبورە شـوانەگیان کەئەمـەدەڵێم، مـن بـیرم لـە هەڵاتنش نەکردۆتەوە, چونکە ئەوەندەی بڕبکەین, ئەم کەلتورە لەگەڵمان دریژدەبێتـەوە. مـن ئەمـشەو بـیرم کردۆتـەوەو مۆڵـەتم لـەدڵم وەرگرتـوە, دڵخۆشبە شوانەگیان, چونکە عەشـق خۆیبـە دەسـتەوەنەدا، تـوش لەخـەو هەڵـسەو فوبەشمـشاڵەکەتدابکە, وەك زمــان حــاڵی ئــەم عەشــقە جــاری سەرکەوتن بدە، ئەمێستاکە ئەوان سـەریان شـۆڕە و میوانـە ناقۆڵاکانیـان, بەدەستی خاڵی دەنێرنەوە، چۆن دەتوانن بە تاڵانیم بەرن شوانەگیان.. من

کە ماڵم بۆجیهانێکیتر گواستۆتەوە, جیهانێکی سەرتاپا شین, دەوروبەر هەرشین دەچێتەوە.. گیاندارەکانیش تیکەڵەیەکن لەشین, تەنانەت رووەکەکانیش . ئای چەندەنەرمە ڕەوتی ژیان لێرە شوانە گیان .

ئەمێستاکە روتوقوت وەك کاتی کۆرپەلەیم لەلانکدا, هێدی هێدی شەپۆلەکان رامدەژێنن، لێرە.. گوندو رانەمەڕو گردی بەرزو رەوەزی پڕ لە دارو دەوەن نابینرێت شوانەگیان، ئەوەی هەیە مەلەکردنە بەپێچەوانەی شەپۆلەکان, ئەمەیە یاسای ژیان لێرە! . ئەمێستاکە هاوەڵی ماسیەکانم, بەلاّم مەلەکردن وەك ئەوان نازانم شوانەگیان, تادێت جەستەم گرانتر دەبێت و بۆقولاّیی شۆڕدەبمەوە, ماسیەکانیش لە تەمەڵیم وەڕستبون و لێم دوردەکەونەوە, هەربۆیە هەنسکەکانم خێراتر دەبێت و پێڵوەکانم گرانتر، لەگەڵ ئەمەشازۆر خۆشحاڵم شوانەگیان, دەبێت لە توش ڕەنگ بداتەوە، بۆئەمەش دوادیاریم لەژێر بەردەسپیەکەی بەرماڵتان بۆت جیٚ هێشتووە! . ماڵ ئاوا... سپێدەیەکی جوانتر بۆتو). نەمزانی چۆن لەجێدا ڕۆیشتبوم بۆ حەوشە, لە ئامێزی دایکم هۆشیاربومەوە توندگرتبومی.. دەیگوت:" بانگی کێدەکەی کوڕم؟ ئەوەمۆتەکەبوو, ناوی خوابێتە, ئایەت بخوێنە, فریشتەکان دێنە یارمەتیت". بۆخۆشی دەیخویند. ئارەقی ڕوخسارم سڕییەوە, دەمویست بەسەرهەڵچونی ناخمدازاڵبم، هێشتاپێم لەزەوی توند کردبوو, نەمدەزانی باوەڕ بە کامیان بکەم, مۆتەکە, یان فریشتەکان؟ ئەو فیشتانەی قاسدی عەشقەپاکیزەکانن هەمیشە لە نیوان دڵەکاندا.. رازەکان

دەهێـنن و دەبـەن. لـە دەنگـی ئێمـە ژنـەی جیرانمـان, لەسـەردیوارەکەی نێوانمان سەری کێشا و گوتی:" ئێوەش .. بینیتان..؟". لەگەڵ قسەکەیدا راچـەنیم وگـوتم: کـێ..؟ گـوتی:" کـچەی .. مـام (....!)". خۆملەدەسـتی دایکم راپـسکان, لەدیوارەکـە نزیکبومـەوە, هەسـتمدەکرد دەنگـم دەنوسـا، کەمێك لەڕوخساری ژنەم ڕوانی, لەبەر سـپێدەی بـەیان دەتگـوت تـەمی لـێ نیـشتووە, هـەردو دەسـتم خـستەسەردیوارەکە و بەچـپە پێمگـوت: ئـەو چـیلێهاتووە..؟ کـەمێك کـشاوە ویـستی پەشـیمان بێتـەوە لەگوتەکـەی, دەستێکی بۆلای سەری هەڵبڕی وگوتی:" بڵێم چـی.. لەوانەیـە تارمـایی بـو بێت! یان ئەوبوو, بەم تاریکوڕونە بـۆ دەمـزێ دەچـوو, شـێتانە هـەرغاری دەدا, چوزانم.. ئەوداماوە لەوانەیە..!". پڕبـەدەم هـاوارم کـرد بەسـەریدا: لەوانەیە چی..؟ خێرا کە راستیم پێبلێ. ژنە قسەکەی لـەدەمی گرخـواردو گــوتی:" لەوانەیــە.. خــۆی خنکانــدبێت". بــەر چــاوم تاریکــداهات, خۆمبەدەرگای حەوشەداکێشا, پڕبەپێ بۆ دەمزێ ڕامکرد.

دوای من دایکم بەدەم ژنەی جیرانماندا دەچێت و لەهەرای ئـەوان ئـاوایی بـە ئاگادێن.

بــەناو ڕەزە هەنجیرەکانــدا, بۆســەرگۆلەلیمەکە رامکــرد، ســوخمە و کراسەکەی لەدەم گۆلەلیمەکـە کـەوتبون, جێپێـی لەسـەرلیمەکە دییـاربون, ژێرکراس و تراکسۆتەکەشی لەلێوار زێبون. من لـەرێوە خـۆم روتکردبـۆوە, بەشوێن ئەودا خۆم هەڵدایەزێوە, سەراوسەر بۆ قولایی شـۆڕبومەوە، لـەژێر

ئاوەکە چاوم کردەوە, جەستەی روتیم بینی, بەتەك رەگەدارێکەوە گرمۆڵە بووە, پرچە درێژەکەی راست بۆتەوە و سەمای مەرگ دەگێرێت، لەدڵی خۆمدا نزامکرد: خودایە هەڵیکیتری پێبدەیت بۆژیان.خودایەهێزم بدەیتێ بۆدەربازکردنی. باوەشم پێداکردوسوك بەدەستمەوەهات، هاوردمەدەرەوە، لەسەرئەژنۆکانم دەمورودرێژم کرد، سەریم شۆڕکردەوە ئاوێکی زۆر لەدەمی هاتەوە، جەستەیەکی بێجولە و داهێزراو.. بەڵام هێشتاگەرم, لەسەرلێمەکە درێژم کرد, بەهەردو دەستم زکیم دەگوشی و هەناسەم پێئەدا, بەگەروی پڕ لەگریانەوە بانگم دەکردو هەناسەم پێئەدا, نزامدەکردو فرمێسکەکانم لەسەر سینگی غلۆردەبونەوە. هەستم بەجولەیەکیکردو فوم بەدەمیداکرد, کۆخی و پێڵوەکانی جولاند, منیش خێرا ژێرکراسەکەیم لێوەی ئاڵاندو لەباوەشم کرد، لەسەرلیمەکە دانیشتم و لەخەڵکی ئاوایم دەڕوانی.

پێدەچو کەس لەئاوایی نەمابێت, بەلێوار گۆلەلیمەکەدا, هەڵیاندەکوتا بۆلامان، لە دڵی خۆمداگوتم: توبڵێی بۆ بەردباران کردنمان هاتبن؟ ئەگەر سزای یاخیبونمان بەسەردا جێبەجێ بکەن, ئێمەی دەستە پاچە چیمان پێدەکرێت ؟!. تا نزیکتر دەبوونەوە, ترس تەنگی پێهەڵدە چنیم، گوێم لێبوو کچەگوتی:" بۆ واتکرد!". وڵامیم نەدایەوە, توندتر بەخۆمەوەم گوشی, دەمویست تاگیان لەجەستەمدا مابێت, نەهلێم ئازاری پێبگات. دایکم لەپێشی پێشەوە غاری دەدا, بەنزیك بونەوەیان, هەژمونی ترس ناخی دەتەنیم, بێجولە لەپەیکەردەچوین, دایکم بەگەیشتنی, چاروکەکەی

لێمانەوەلولدا و کەوتـەنزا و ئایـەت خۆینـدن. بـاوکی کـچە لـەدور راوەسـتاو تەنیشتی لێمان کرد, پشتێندەکەی کردەوە چاوی سـڕییەوە, دواتـر رویلـە ئێمە کردوگوتی:" بەهەڵەیانابردم.. من چیم لە شوکردنی توپێدەبڕێت کـچە کەم؟ وامزانی بەم کارەم خۆشبەختت دەکـەم, سـوپاس بۆخـودا ماوێـت". دەسـتی بـۆ خەڵکەکـە درێـژکردوگوتی:" بائـەم خەڵکـە شـاهیدبن, ئـەوا رێمپێدای بڕیار لەدەستی خۆتدابێت, بـەزێرو مـاڵ قـەرەبوی ئـەم ئازارانـەت دەکەمەوە, توش گەردنم ئازادبکە". دایکم چووەپاینی باوکی کچەو بۆمـاچ کردنی خۆڵی بەرپێی نوشـتایەوە. کـچەش.. بەچاوەماندووەکانی ئامـاژەی بۆکردم کەعەشق سەرکەوت .!

## ئەرێ ئێوە تێگەیشتن!؟

لەگەڵ خۆرکەوتندا گەیشتە فەرمانگەکەو چووە بەرپەنجەرەکە, ئاهێکی وەبەرداهاتەوە, هەردوو دەستی بەشیشی پەنجەرەکەوەگرتوو ئاوڕیدایەوە, کەس دیارنەبوو, بزەیەك کەوتە سەرلێوە قەتماغ گرتووەکەی لەبەرخۆیەوە گوتی:" ئەمەش دەرئەنجامی زوو دەرکەوتنم بوو لەماڵ, ئەمڕۆ یەکەم کەس دەبم".

بەدەرکەوتنی کارمەندەکە بۆ ژوورەکەی, ئەم فایلەکەی بەدەستەوە گرتوو, خۆی ئامادەکرد, کارمەندەکە ڕادیۆ بچکۆلەکەی پێکردو پشتیدایەوە بەکورسیەکەوە چاوی بڕییەبن میچی ژوورەکەو لەگەڵ گۆرانیەخاوەکەدا خۆیدەجوولاند, ئەمیش لەوماوەیەدا لێیدەڕوانی, حەوسەڵەی نەما, بەدەستێکی فایلەکەی گرتبوو, بەدەستەکەی تری لەپەنجەرەکەیدا, کارمەندەکە پەنجەرەکەی کردەوە, ماوەیەك لێی ڕاماو پێی گووت:" ها حاجی.. خێرە بەم سبەینێیە بەرپەنجەرەکەت لێگرتووین؟ هێشتاخێرو شەڕ بەشنەکراوە, نابێت چاوەڕێبکەیت؟". پاڵی بەدەستیەوەناو پەنجەرەکەی بەڕوویاداخست, ئەمیش بەرچاوی تاریکداهات لەناخەوە هەڵدەچوو, بۆ ئەوەی تووشی گێچەڵێك نەبێت دوورکەوتەوە, لەسووچێکدا پشتی دایەوە بەحەساری دائیرەکەدا, لەبەرخۆیەوەگوتی:" تۆ ڕاستدەکەیت هێشتا ماوەتی کرێاری جنێوەکانت زۆربن و ڕەواجیان زیاتربێت, ماوەتی بکەوینەپاڵەپەستۆ تا شەکەتدەبین و بەسەریەکتردا

دەکەوین، گەرماش بڕستمان لێدەبڕێت, ئەوسا بۆ ئیمزایەك ناچارین هەموو ناشیرینیەكی ئێوە قبولْ بكەین". جگەرەیەكی داگیرساندو مژێكی قولْی لێدا لەگەلْ بەرزبونەوەی دوكەلْی جگەرەكەیا خەیالْ بردییەوە بۆ ئەوكاتەی ئەم منداڵبوو, لەگەلْ خانەوادەكەی لە گوندێكی بچووكی دامێن شاخێكی بەرزدەژیان, چەندجارێك مەئمورانی میری بینیبوو, بەسواری ئەسپێكی لاوازو بەسجلێكی گەورەوە دەهاتنە گوندەكەو ئیشووكاری خەڵكیان هەر لەوێ تەواودەكرد, بەهەرای ئەو خەڵكەی بەرپەنجەرەكە بەئاگاهاتەوە, هەڵساو تفێكی لەزەویەكە ڕۆكردوو بۆلای پەنجەرەكەچوو, لەدڵی خۆیدا گوتی:" ئەوان چێژ لەم بەزمە وەردەگرن, بەگەورەیی خودا نیوەی ئەم وڵاتە ببێتە كارمەند, ڕیزی بەردەم پەنجەرەكانیان لەئێستا كەمترنابێت". كارمەندەكە هاتە بەرپەنجەرەكە, باوێشكێكی داو پەنجەرەكەی كردەوە, دەیان فایلی بۆ ڕاگیرابوو, دەستەكان لەڕكابەرییەكی توندابون بۆگەیشتن پێی، ئەویش دەنگی بەسەریاندا بەرزكردەوە:" ئەوە هەرای چیتانە؟ ئەها گوێ بگرن.. من بۆ ئێوە لەسەر ئەم كورسیە دانیشتووم, بە ئاقڵی ڕیزدەبن باشە دەنا یەكتان بەرێناكەم تێگەیشتن". ئەم پاش پاڵەپەستۆ و سەرئێشەیەكی زۆر, توانی لەنیوەی دووەمی دوواوە خۆی لەڕیزەكە بگرێتەوە, پیشێكی خواردەوە, لەداخان گیانی كەوتبوونە لەرزین, بۆ ئەوەی كەمێك باری دەروونی سووك بكات, بە دەنگێكی بەرز گوتی:"

_ ئەرێ ئێوە تێگەیشتن؟ لەزۆر شوێن ئەم قسەیە بەرگوێمان ئەدرێت, هەموان دەڵێن لەبەر خاتری ئێوە لەسەر ئەم کورسیانە دانیشتووین، ئاوڕی بەملاو بەولای خۆیادایەوە, کەس ورتەی لەزاردەرنەهات, لەژێرلێوەوە هەر ئەوەندەی گوت:" ئەی ڕەنجی ئێمە؟". دەستەسڕەکەی دەرهێناو نێوەچەوانی سڕییەوە, ڕیزەکە لەگەڵ میلی کاتژمێرەکەی دەستی جووڵەی دەکرد, دڵیشی لەگەڵ چرکەکاندا لێی ئەدا, چونکە سێیەم ڕۆژبوو لەم ڕیزە خۆی دەبینییەوە.

خۆر گەیشتبووە چەقی ئاسمان, زەوی داخدەکرد, ئەم هێشتا دەکەسی لەپێش مابوو, کارمەندەکە هاتەوە بەر پەنجەرەکە, بەدەستی ئاماژەی بۆ تەواوبوونی دەوام کردوو پەنجەرەکەی داخست, ئەمیش داخی دڵی بەفایلەکەی دەستی ڕشتو لولیداو ونجڕونجڕی کردوو دایبە جامی پەنجەرەکەداو کوتەکانی بەوناوەدا پەرشوبڵاوبونەوە, خۆیشی تاچووە دەرەوە ئاوڕی نەدایەوە. نزیك بە ئێوارەگەیشتەوەماڵ, لەدووڕراچاوی بە کوڕەزاکانی کەوت, گریان ئەوکی گرت, لەبەر خۆیەوە گوتی:" لەبەر ئەم هەتیوانە نەدەبوو ئەوکارەبکەم, چونکە لەمن زیاتر کەسیان نیە, دەبێت سبەینێ لەنوێوە دەست پێبکەمەوە".

# ئاسمانێك هەیە بۆ فڕین ، بەڵام زەمینێك نییە بۆ نیشتنەوەمان.!؟

زیـاتر لەسـێ هەفتەیـە لـە نهـۆمی دووەمـی ئـەم باڵەخانەیـە عـەودالّی ئـەو نهێنییـەیت کـە تـو ئاوێتـەی ئـەو ژیانـەدەکات، بـەر لەسـەفەرت بـۆئێرە پێشبینیت کردبوو، هـەر ئـەوەش وای کـرد فلّچەی خیانـەت بـەو تابلۆیـەدا بهێنیت کە ژانو خۆزگەی شەش پایزی بـۆ شـەوێکت وێنـا کردبـوو. کەچـی لەم باڵەخانەیەدا ئەوەی دەیبینیـت تـەنها تارماییەکـە لـە شـێوەی پیاوێـك دەردەکەوێت و لە گەڵتدا دەخەوێت، دواتر هەر ئەوەندەتزانی بە تەنێ جێی هێشتوویت بێ ئەوەی کاتێکی هەبێت بۆ چونوهاتنەوەی!. ئـەم ئێوارەیـە بڕیارتـدا نەچـیتە ژوورەکـەت و لەسـەر جێگاکـەت پاڵنەکـەویت، تـا کـاتی هاتنـەوەی دەزانیـت و شـێوەی ئاخـاوتنی دەبیـستیت، وەك شـێت بـە دالانەکەدا دێیتوو دەچیت، قامکەکانت دەگوشیت و گوێ هەڵدەخـەیت، تـا دێت لاقەکانت گورج تردەکەیتەوە و هەنگاوەکانت خێراتر دەنێیـت، سـوێند لە دوای سوێند دەخۆیت:" تـا نەیاتـەوە پێنانێمـە ژوورەکـەم ئـاخر نابێـت بـزانم مرۆڤـە یـان خێـو؟". خـۆت وەك تـووتی دێتـە بەرچـاو تووتییـەك نەتوانێت لاسایی بکاتەوە یـاخود ڕێـی پێنـەدەن فێـری لاسـایی کردنـەوەی ئەوان بێت.

سـێبەری ئێـوارە بـەر ڕوونـاکی دالانەکـەت لێـدەگرێت، تـۆش تـرس دەتپێـچێتەوە، لـەژێر فـشارێکی دەروونـی تونـدا پەنجەرەکـەت بـەڕووی

پێدەشـتێکی چـۆلۆهۆلدا دەکەیتـەوە، هـیچ نابینیـت جگـە لـەو تابلۆیـەی واڕۆژانێك خۆت تیابینیەوە.

تابلۆکە دوو دەسـتی مانـدوو بـەرزی کردۆتـەوە، لەسـەر دوو لاقـی شـەکەت راوەستاوە، لەناو تابلۆکەدا ئەسپێکی سوورخونی پەل سپی دەردەکـەوێت، لە بەرزاییەکەوە دادەگەڕێت لـە ئارەقـەدا ڕەشدەچـێتەوە فیـشکەی لـووتی ڕۆژە ڕێیـەك دەڕوات، چەندکەسـێکی دەمامکـدار تـەنگیان پـێ هەڵـچنیوە، ئەسـپەکە لـە هـەوڵی خۆدەربـاز کردندایـە، بـەردەوام سمکـۆڵان دەکـات و دەحیلێنێت، سەر ڕادەوەشێنێ و دەپرمێنێت تا لە قووڕوای ئارەقەی خۆیدا ڕۆدەچێت، پەڵە هەورێکی سوور لـە دوای خـۆی جێـدێڵێت، پەڵـە هـەورێکی سوور سـوور وەك ئـەو خوێنـەی لەشـەوی یەکـەما پێـشکەشت کـرد، دواتـر تاریکی شەوێك بەسەر ئـەو دیمەنـەدا دەکشێت، ڕەش وەك نـاخی ئەوانـەی گەمەیان بە چارەنووسی توکرد، دیمەتێك ترسـناکتر لەشـەوە وادەسـتی لـە گەردنی کۆرپەی ئەم عەشقەتان توند کرد.

ئەمێـــستاچاوەڕوانی لایتـــو بایـــەخێکی نـــەماو خـــۆت بەپەنجەرەکـــەوە نووسـاندوە، وەك پەڕەسـێلکەیەك بێـچووەکانی لەخـەم ڕەخـساندبێت و وەرزی گەڕانـەوەی هاتبێـت لـەئانو سـاتی هەڵفڕینیـدایت، لەبیرتـە بـەهاو ڕێکانت دەگوت: "کچینە وریـابن بـۆ ئێمـە ئاسمانێـك هەیـە بـۆ فـڕین بـەڵام زەمینێك نییە بۆ نیشتنەوەمان".

لەبەر هەوای ساردی بەر پەنجەرەکە هەڵدەلـەرزیت و توند دەسـتەکانت بـە شیـشەکانییەوە دەگریـت، بـۆ ماوەیـەك دەمێنیتـەوە تـا نیگـای مـانگێکی ترساو وەك کوڵم و لێوە گەستراوەکەت، شێواو وەك جەسـتە ڕووشـاوەکەت دەردەکـەوێت، زەردتـر لـە خـۆی ئەسـپەکە لـە دۆڵێکـی چـەقێندا بـەر ڕوناکییەکـەی دەکـەوێت، سـەرە لاوازەکـەی بـۆ لای لاقـە کولـەکانی نـەوی کردووە و لەگـەڵ کێشانی لاقـی بـە بـەردێکا لـچی لـەخاك و خـۆڵی دۆڵەکـە دەماڵێت و ئیتر هەڵناسێتەوە.

تۆش دەست بە چاوتەوە دەگریت، لەگەڵ پێکەنینێکی جادوویانـەدا کـە لـەو دەورووبەرە گویێ بیستی بوویت ڕادەچەنیت و بۆ ژوورەکـەت هەڵدەکوتیت، خـۆت لـە گۆشـەیەکی دەنێیـت و سـەرە گێژەکـەت لـەنێو دەسـتەکانت دەگوشـیت تـا دوا بڕیـاری خـۆت ئـەدەیت! لەگـەڵ چـەخماخەی دەنکـە شقارتەیەکدا، ڕوحت بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێت و مشتێك خۆڵەمێش دەبێتە ناونیشانی فڕینەکەت.!

# هاوردنەوەی تەرمی قوربانییەك

قەت ئەوەی لەبیر ناچێتەوە, پێش ڕۆیشتنی پێی گوت :( تو خوا دایکە لە خەمی مندا مەبە.. هەر ئەم سێ مانگەیە, دوا جار چەکەکەم دادەنێم و خوێندنەکەم تەواو دەکەم ). ئەو قۆناغی ناوەندی سەرکەوتوانە بڕیبوو, دایکی ئەوەی دەزانی ئەگەرکارێکی چنگ بکەوتایە هەرگیز چەکی خۆکوژی هەڵنەدەگرت .

لەوەتەی کوڕەی بێسەرو شوێن چووە, هەموو ئێواران لەدوای نوێژی شێوان, لەسەر بەرماڵ دەمێنێتەوە, تا خەودەیباتەوە, دەم بەنزاو دەست بەپاڕانەوەیە بۆزانینی هەواڵێکی, کە عارفەی لێدێت، وەك ئەو خەڵکە دەچێتە سەرگۆڕستانی شارو تا شەکەت دەبێت لە نێوان کێلەکانی دەسوڕێو دەگەڕێ, خۆزگەدەخوازێت کوڕەکەی گڵکۆیەکی هەبایەو, وەك ئەو دایکانەدڵی دابنایا.

لە عارفەیەکەوە خۆی هەڵدەگرێت بۆ عارفەیەکی تر ئەمەخوایە بچێتە سەر گڵکۆی کوڕەکەی. ئەو ئێوارەیە بەتەسبیحەکەی کەوتە ژماردنی ڕۆژەکانی مانگ, دەتگوت زانیویەتی کەئەم شەو کوڕەکەی لە خەودا دەبینێت و هەمووشتێك لەبارەیەوە دەزانێت, لەعەسرەوە هەستی بەفەرامۆشیدەکرد، خەریك بوو ئازای گیانی دەگرتەوە, ئەمەی لە کچەکانی شاردەوە، چونکە دەیزانی دەبێتە جێی سەرنجی ئەوان, ئەو ئێوارەیە زوو چووەسەر

جێگاکەی و خۆی داپۆشی, چونکە دەبوو لەگەڵ گوڵە ئەستێرەکاندا بە درزە تاریکەکانی ئەو شەوەدا بۆ ئەو دیوی زەمەن سەفەر بکات.
هەر هێندەی چاوەکانی چونەخەو, کوڕەکەی لەدەشتێکدا بینییەوە, دەشتێك... دەیان جۆگەئاوی سپی بەناو مێرگ ودارستانەکانیدا پێچیاندە کردەوە, هەورەکان وەك لۆکەی چرك کراو، پەڵەپەڵە دابەزیبوونە سەردار سنەوبەرەکان, کوڕە تەنیا وەکئەوەی تازە لەدایك بوبێت, لەنێو ڕەنگێکدا دەردەکەوت, بەکۆڵکەزێرینەی پاش باران دەچوو, لەلێوار جۆگەڵەیەك چۆکی دادابوو, چنگی لە ئاوەکە هەڵدەهێنجاو بینی پێوەدەنا, ماوەیەك لە دایکی ڕوانی پێی گوت:" ئای دایکە چەندە تینوم بوو.... هەر چەندەی دەکەم تێرناخۆمەوە". دایکی بەدەم کوڕوزانەوەگوتی:" کوڕە شیرینەکەم... لەکوێوە گەیشتیتە ئەوێ...؟ پێم بڵێ بەکام ناونیشان دەگەمەلات ". کوڕە دەستێکی بۆ لای سەری هەڵبڕی وگوتی:" زۆر دورەدایکەزۆر... هەرئەوانەی توانیان لەگەڵ کۆترەکان هەڵفڕن دواجار دەگەنەئێرە, کوڕەدەستی لەژێر چەناگەی دانا و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا لەتاو حەسرەتەکانی دایکی گوتی:" باوەڕبکەدایکە من بۆخۆم نەهاتمەئێرە, ئەو شەوەی هاوەڵەکانم منیان جێهێشت, لە ئێوارەوە لەژێر داربەڕوەکە دانرابووم, بۆسبەینێ زانیم بەتەنیا جێیان هێشتووم, ئای دایکە چەندی کۆشام بۆهیچ شوێنێك سەرم دەرنەکرد, بۆ هەرلایەکم دەڕوانی سەنگەربون لێدرابون, سێ ڕۆژان لەژێر دارەکە مامەوە, دایکە...

له برسان سكم بەستا, له تێنوێتیدا گەروم هیشكبوو, ناچارمام ئەوجلانـەی لە ڕەنگـی حزبەكـەم بـون, لەگـەڵ تفـەنگ و فیـشەكدانەكەم فڕێداو فانیلـە سـپیەكەی ژێـرەوەم بەچـڵە دارێكـەوە كـردو بۆلایـان چـووم، تالەكێوەكـە سەركەوتم پـەكم كەوت, گەرماش بڕستی لێبڕیبـووم, هـەر جـارەی دەكـەوتم نەمدەهێـشت فانیلەكـەم بەچـڵەدارەكەی دەسـتمەوەبكەوێت, ئـاخر لەبـەر خـۆم لەبەرتۆدایكـە، لەبەرخوشـكەكانم, زۆرلـەوان نزیكبوومەوەدایكـە, هـەر هێندەی دوودەست درێژ بكرێن بۆ پەنجەگوشـین, بـەڵام نـەیان هێـشت, بـە ئـاگری چـەكەكانیان, منـو ڕەوێـك كـۆتر سـپی, لـە سـەرلوتكەی چـیاكەوە هەڵفڕێنراین, دواجار من لێرەنیشتمەوە". دایكی بەدەم هەنـسكەوەگوتی:" بەڵام هاتووم بتبەمەوە". كوڕەكە گوتـی:" من نادایكە... فانیلەكـەم و چـڵە دارەكەببـــەوە، لەگـــەڵ ئەومـــشتەخوێنەی سەرتاشـــە بەردەكـــە, دایكـــە دەتوانیت هـەر ئێـستا بەڕێكـەویت بـەرەو بـاكوور, بـە كاتـژمێرێك دەگەیتـە شارۆچـكە دێرینەكـەی لەنـسارەكەیە, لەوێـشەوەنیو كاتـژمێر بـەرەو ڕۆژ هەڵات... دەگەیتەدەربەندێك, لەوێ دابـەزەو بـەپێیان ڕێگـای دەستەڕاسـت بگرە دەتگەیەنێتە سەركانیەك, وەك باڵندە تەریوەكان تـۆش شـەپێك ئـاو هەڵدەو سوێرایی چـاوەكانت بـسڕە, تابەباشـی ببینیـت ڕەوی هاتنـەوەیان چۆن پێش ئێمەكەوتوون, دایكە هـەر لـەوان بپرسـە خـەڵكان لـەكام لوتكـە ڕاویان حەرام كردوە, ئادایكە بپرسە لە كام لوتكە ڕاو حەرام كراوە؟".

کوڕە بەدەم گوتنەوەی ئەم ڕستەیەوە بە سنەوبەرێکدا هەڵزناو لەنێوان هەورەکان ونبوو.

دایکی بەوناو نیشانە گەیشتە سەر لوتکەی کێوەکەو چەمایەوە.. وەك چۆن خۆرش لەو ڕۆژە پەلەی کردو بۆئێوارە چەمایەوە, دایکە فانیلە سپییەکەی بەچڵە دارەکەوە هەڵگرتەوەو بەبەردەکەوەی لولداو لە تابوتێکی چکۆلانەی کردوو بەرەو شارگەڕایەوە. لە دەروازەی شار, خەڵکێکی بێشومار لەپێشوازیدابوون, تابوتەکەیان لەدایکە وەرگرت و بەڕێو ڕەسمێکی شایستەدا, بەرەوگۆڕستانی گەورەی شار بەڕێکەوتن.

بەدرێژایی جادەکە لەم بەرو لەو بەری خەڵك ڕیزیان کردبوو, سلاّویان دەکرد، دایکە چەندی چاو دەگێڕا کەسی لەو خەڵکە نەدەناسییەوە, بە خەڵکی شارەکەی خۆی ناچون, شاریش دەتگوت جادووی لیّ کراوە, سیماو خەسڵەتەکانی تەواو گۆڕابوون, ئێشکگرەکان لەداوڵدەچوون, حەسحەسەکانیش خۆیان لەکۆلیتە تاریکەکانیان نابوون, تەنها چاوەکانیان زیت و زەقبون، حەسارەکان بەبۆیەی ڕەنگاو ڕەنگ سواخ درابوون, لە هەر گۆشەیەك لافیتەیەکی کاڵ بۆوەی پێدا هەڵواسرابوو, ئاوەڕۆکانی شار خوێنێکی گەشی لێوە دەڕۆیشت, سەدان نامەی هەڵنەپچڕاو بەدەم باوە درابوون، پشیلەکان کۆڵاّن و کۆڵاّن لەسەر ئێسکە لاقو ئێسکە سەر لەشەڕێکی بێئاماندا بوون.

دایکـه لەتــەنیش تابوتەکــەوە دەڕۆیــشت و دیمــەنی شــار ســەرا ســیمەی کردبوو, بەگەیـشتنیان لـەدەرگای گۆڕسـتان, چـەند پیـاوێکی سـپی پـۆش تابوتەکەیان وەرگرتو شۆڕیان کردەوە ناو گۆڕێکی لە مەڕمەڕ چـاکراو و دوو کێڵی بەرز نەخشێنراو بە ئایەت و ژیان نامەی کوڕە.

دایکی بەحەسـرەتەوە چـووە لای کێلەکـەی ژور سـەری و بەرلـەوەی تونـد کێلەکەی لەئامێز بگرێت و ئۆخژەن بکات, دەنگێك بـەئاگای هێنـا... چـاوی هــەڵبڕی بینــی کــچەگەورەکەیەتی پێــی گــوت:" دایکــە ئــەوا لــە بڵنــدگۆی مزگەوتەکان بانگ ئەدرێت کە سبەینێ عارفەیە".

# شێت بوون

چەند ڕۆژێك بو, ئەم بارەی هاتبووەپێشی, لەگەڵ خۆیا تویێدەکرد, دەی ویست بەهەرنرخێك بێت ئەولەو مەترسیە دوربخاتەوە, کەپێی وابو لەلێواری مەرگدایە !.

شەوان لەخەودا وڕێنەیدەکردو لەگەڵ خۆیادەکەوتە ململانیێ، زۆرجاران دایکی لێی بەئاگادەهات و بەپەرداخێك ئاوەوە دەچووەژورسەری, ئەمە خەریکبوو دەبوەگریێ دەرونی و شوێنی لەسەر جەستەو جولەی ڕۆژانەی دادەنا.

ئەوئێوارەیە خۆی یەکلاکردەوە, لەبەرخۆیەوەگوتی:" ئەگەر خۆکوژیش بێت دەبێت سبەی ئەم بریارە لەتەك ئەوا بدەم!, ترسی ناوێت گرنگ سەلامەتی ئەوە!". لەگەڵ قسەکانیدا لەرزی لێدەهات و نەیدەتوانی درێژەی پێبدات.

ئەوئێوارەیە زوسەرکەوتەسەربانو لەسەرگازەرای پشت ڕاکشا, تاخەو بردێوە لەگەڵ ئەستێرەکان لەڕازو نیازدابوو.

بەیانی دایکی بۆبەرچایی بانگیکرد, ئەم وای نیشاندا ئارەزوی نیە, کەمێك نەخۆشەو ناچێتەسەرکار. درەنگانێ خۆروبان گەرم ببو, هەڵساو جێگاکەی لولداو لەسەربان مایەوە, باکی بەگەرمانەبوو, کەوتبووە سەربالی خەیاڵ و یادگاریەکانی ڕابردوی بەسەردەکردەوە, نیگاکانیشی بێئامانج کوچەو کۆڵانەکانی ئاوایی دەگەڕا, سەرنجی بۆهەموو جولەیەك دەگواستەوە, بۆ

ماوەیەك لەسەرمندالآنی ئاوایی دەنیشیتەوە, کەسەرگەرمی یاریکردن بـون, خۆزگەی بۆئەو جیهانە ئەرخەوانیـەی ئـەوان دەخواسـتو خـەمی بۆئـەورۆژە دەخوارد, کەزۆرێك لەوانش هەمان چارەنوس چاوەڕوانیانە.

خۆرلەچـەقی ئاسمـان نزیکـدەبۆوە, لـەم کاتـەدا منـدالآن بلآودەبونـەوە بـە ئاواییــدا, گــورج خۆیــان بەمالآنــدادەکرد, لەولاشــەوەخەڵك لەشــوێنی کارکردنیانەوە دەگەڕانەوەبۆ پشوی نیوەڕۆ. ئەم لەسەربان مایەوە تا نوێژ خوێنەکانیش لەمزگەوت دەرکەوتن, ئەورۆژەلای ئەم ڕۆژێکی ئاسـایی نـەبو, پێیوابووکات زودەڕوات و جولەی ژیان زۆرخێرایە, لەم دانەرۆژە فریانەکەوت پارویەك نان لەزاری بنێـی, خەریکەهەناسـەی سـوار دەبێـت و کوتـەی دڵـی بەرزدەبێتـەوە, دەترسـانەتوانێت لـەم ڕۆژەدا ئـەم بڕیارەبـدات و پـێش بـە مەرگی ئەوبگرێت!.

گەرمایەکی پڕوکێنەر بو, کەم کەس جورئەتی دەکرد بێتـەدەرەوە, ئـاوایی لەچۆلەوانی دەچوو.

ئەم خۆی کۆکردەوە, لەسەربان هاتەخوارەوە, ئـاوی تانکیەکـەی کـردەوە, شەپێکی بەسەرو چاویداکرد, بەهێواشی دەرگای حەوشەکەی کـردەوە, بـێ خـشپەچووەدەرەوە, بەکۆلآنـە تەنگەبەرەکـەدا شـۆڕ بـووەوە, لەسـیلەی مزگەوتەکـە ڕاوەسـتا, تەماشـای دەوروپـشتی خـۆی کـرد, دواتـر بـەپێش دەرگـای ئەومالّـەدا ڕەتبـوو کـەخۆی مەبەسـتی بـوو, چـەند هــەنگاوێك دوورکەوتــەوە, هەڵوەســتەیەکیکرد, درزێــك لــەدەرگای ماڵەکــە بــوەوە,

ڕوخساریك بەپرچێكی ئالۆزەوە وەك ئەوەی تازەلەخەو هەڵسابێت, نیگایەكی دەرەوەی كرد, كوڕە دەستێكی بەسەریداهێناو سوڕایەوە بەلای چەپی ماڵەكەدا, دەرگای ماڵەكەكرایەوە دەركەوت كچێك بوو, بەدووی كوڕە داچوو خۆی بەوماڵەداكرد كەپێدەچوو خزمی كوڕەبێت، كوڕە لەنێو حەوشەكە چاوەڕوانی كچەی دەكرد, بەبینینی چەندهەنگاوێك بەرەوپیری هات, دەستی كچەی گرت بەجووتە لەهەیوانەكەدانیشتن, ژنێكی ڕەشتاڵە لەژورێك دەركەوت, پاش بەخێرهێنان داوای لێكردن بچنەژورەوە, لەم كاتەدا كوڕە سەری بەردابوەوە, نیگایەكی كچەی كرد, كچەش بەشەرمەوە داوای لێبوردنی لەژنەكە كرد.. وای نیشاندا كەدرەنگیەتی و ناتوانێت ئەوەندە بمێنێتەوە, ژنە گەڕایەوە ژوورەكەی .

كچەو كوڕە بۆماوەیەك بەبێدەنگی مانەوە.. كوڕە هەرچیلكە ژەنێی لە زەوییەكەدەكرد كچەش لەژێرەوە جارجار نیگای دەكرد, لەوەزیاتر خۆی پێنەگیراو توند دەستی كوڕەیلەناودەستەكانی گوشی, ویستی سەر هەڵبڕێ تا خونچەكانی لێوی بەڕوی كوڕەدابپشكوێن, بەلاّم لەگەڵ بەربوونەوەی دڵۆپەیەك فرمێسكی كوڕە بۆسەردەستی, كچە ڕاچەنی و دەستی بەدڵیەوەگرت, ئیتر هەموو شتێكی پێچەوانەدیت, دنیای لەبەر چاوان تاریكداهات, دەستێكی هەربەدڵیەوەبوو دەستەكەی تری لەسەر شانی كوڕە داناو داوای لێكرد هەرچییەكی لایە بیڵێ.

کوڕە سەری هەڵبڕی, ڕەنگی پەڕیبوو چاوەکانی دووگۆمی خوێن بوون, ورتەی لەزاردەرنەدەهات, کچە زۆرپەرۆشی حاڵیبوو, بۆ ئەوەی ئارامی بکاتەوە.. بزەیەکی کاڵی بۆکردو بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوەگوتی:" دەبینم حاڵت باش نییە؟ ئەگەر ئەمە پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە.. هەوڵ دەدەم یارمەتیت بدەم, خۆئەگەر پەرۆشی حاڵی منی ئەوا من لەگەڵیدا ڕاهاتووم و شانم داوەتەبەری، بۆ نێوان خۆشمان.. هەرچیەك ڕوبدات لەئەنجامەکەی ناترسم, بەمەرجێك شەرمەزاری تێدانەبێت". کچە بێدەنگبوو, بەگومانەوەلەکوڕەی دەڕوانی, کوڕە لەناخەوەهەڵدەچوو, گەروی نوسابوو هەستیدەکرد لەئاست هەڵوێستی کچە شەرمەزارە, چاوەکانی لەڕوخساری کچەبڕیبوو.. وەك ئەوەی دوا وێنەی لەزەینیدا تۆمار بکات, دەستی کچەی گرت لەخۆی نزیك کردەوە, بەدەنگێك هەرئەوەتە نوزەی دەهات پێی گوت:" تکادەکەم باش گوێم لێبگرەو لە وشەکانم تێبگە, چونکە جیاوازن لەو وشانەی لەکاتی منداڵیمدا لاسارانە دەمدابەڕوتا, جیا لەوسۆزانەی لەکاتی هەرزەکاریمدا بۆم دەردەبڕیت, جیا لەوپەیڤانەی لە ڕۆژەکانی تردا بۆم دەڕازاندیتەوە, زۆر جیاوازە لەوەی دڵی من دەیەوێت, بەڵام ویژدانم ئازارم دەدات, ئازارێك خەریکەهۆشم لەدەست ئەدات". کچەکە سەری سوڕمابوو, قسەی پێبڕی و گوتی:" خۆ ئێمە گوناهێکمان نەکردووە تائازاری ویژدانت بدات؟؟". کوڕە بەردەوام بوو گوتی:" زۆربەی شەوان مەرگی تودەبێتە مۆتەکەی خەوەکانم و شانم لەژێر

دارەبازەکەتـە بەرێـدەکرێیت بۆگۆڕسـتان, بۆیـە پێبـەدڵی خۆمـدا دەنـێم و داوای لێبوردن لـەدڵی تۆشـدەکەم, باهەرچـی ئۆباڵێـك هەیـە بەگـەردنی مـن بێت, تـەنها ئۆبـاڵی مـەرگی خۆتنـەبێت!، هەسـت دەکـەم دەسـتێکی ڕەش هەڕەشەلەژیانی تودەکات!, بمبورەکەناتوانم شاهێدی مەرگی توبم, نا..مـن ناتوانم شـاهێدی مـەرگی تـوبم". کـوڕە هـەمووگیانی کەوتبوونەلـەرزین, تـا دەهات دەنگـی نزمتردەبـوو, لەولاشـەوە کچەڕوخساری سـوور هەڵگـەڕابوو چـاوی لەچـاوی کـوڕە نـەدکردەوە، هەسـتیدەکرد ئاسـۆیەك بـەدەم خەونەکانیانەوەپێدەکـەنی.. ئـەوا هـەورێکی چـڵکن دایدەپۆشـێت، تـابلۆی ژیانی کەبەعەشقێکی پاك وێنای کردبوو خەریکەدەسڕێتەوە, کچەلەوەزیاتر نـەیتوانی گـوێ بگرێـت, بـەدەنگی بـەرز دایلـەگریان وکـوڕەی جێهێـشت و بەتوندی دەرگای حەوشەکەی بە دوای خۆیدا پێوەدا.

کوڕە وەك ئەوەبوو شۆڕیکەنەوە بۆبنی زەریا, بەرە بـەرە ئاگـای لـەدەورو بەری خۆی دەبڕا.

لەو ڕۆژەوە کوڕە هۆشی خـۆی لەدەسـتداوە, زۆربـەی ڕۆژان دەچێتەسـەر گۆڕسـتانی ئـاوایی, لـەنێو گۆڕەکانـدا دەگـەڕێ و هـەرجارەی بـاوەش بـە کێلێکدا دەکات و بەمەرگی کچەیا هەڵدەدات . !

# شوناسێك نیە بۆ ئاشت بوونەوەمان

ژنەبەسالاَ چووەكە جارناجارێك بەهۆڕنی ماشێنەكانی دواوەیان, سەری هەڵدەبڕی و سەرنجی لەدیوارە كۆنكرێتییەكە ئەدا, كە بەدرێژایی شەقامەكە لەلێواری شۆستەكە دانرابوو, ئەمانی ناچاركردبوو بەسەر جادەكەدا ڕێبكەن، لەبەرخۆیەوە گوتی:" ئەم شارە دیوارەكانی ڕۆژانە بەئاسماندا دەچەن وڕێڕۆینمان دەگرن ونیگاكانمان دەخنكێنن، درختەكانیشی ڕوتدەبنەوە... سەوزاییەك نامێنێت سوكنایی بەڕوح ببەخشێت، ئاوەها بڕوات... لەم شارەدا دەبێت سەروكارلەگەڵ دوو وەرزی ساڵدا پەیدابكەین, لەزستاندا لێوەكانمان شین هەڵبگەڕێن و پەنجەكانمان لەگۆبكەون, لەهاوینیشدا تەپوتۆزی بای گەرم سییەكانمان بگرن". ژنەگەنجەكە... سینگی بەرزو كەمەرێكی شوشەیی بە جلێكی ڕەش داپۆشیبو, ڕوخساری مانگ ئاسایی لەژێر خەمێكی قوڵدا شاردبۆوە. هەنگاوەكانی بلەز ناو كەوتە شانییەوە وگوتی:" ئاخر پورێ... چۆن لەشەڕی ئەوانە, خۆیان و خەڵكی بپارێزن ؟! ئەوانە درندەن وبێبەزەیین، تەواو لەمرۆڤایەتی خاڵی دەكرێنەوە و جڵەودەكرێن بۆپەلاماردان, ئەوەندەشنا..ئەوانەسەرپێچی فەرمایشتەكانی ( خودا )ش دەكەن, كەدەفەرمووێت :( گیانی خۆتان ئەمانەتە... پارێزگاری لێ بكەن ).

بەدوو پەنجە فرمێسكەكانی سەرگۆنای لابرد, سەری بەردایەوە بۆبەرپێی و چووەسەر ژیانی خۆیانوگوتی:" تۆنازانیت پورێ... چۆن ماڵی ئێمەیان

شـــێواند!". ژنەبەسالاچـــووەکە چـــاوی پڕبـــەزەیی تێـــبڕی و دەســـتی لەنێودەســـتی خـــۆی توندگوشـــی و ســـەری بۆلەقانـــد, ئـــەویش درێـــژەی بەقسەکانی دا:" ( کاتێك مەرگ لەشێوەی پەڵە هەورێکی ڕەش, لە ئاسمانی شـارەکەمان لەنگـەر دەگرێـت و چـەخماخە دەدات, ئـەم قـسانەی منـیش بایەخیانـدەبێت) ئەمـە قـسەی (محمـد) ی هاوسـەرمبوو... هـەموجارەکان لـەدوای قـسەکردنمان ئـەم ڕسـتەیەی دەگـوت، هەمیـشە مـردن و دابڕانـی لەسەرزاربوو.

ڕۆژەکانمـان بەڕوواڵـەت بەخۆشـی دەگـوزەران لەناخـەوەش تـرس لـەدابڕان لاوازی دەکـردین، بـە لـەدایك بـوونی کـچەکەمان, خـەمێکی تـر چووەسـەر خەمەکانی دوای دابڕان و ئیتر هەریەکەمان نیوەمان بەکـچەکەمان بەخـشی, کەبێداردەبوو... زوو زوو لەیـەکمان وەردەگـرت, دەمـان ویـست ماوەیـەکی زیاتر لامان بێت, پێمـان وابـوو ڕۆژێـك دێـت بـۆ شـاییەك لـە دنیـای منـداڵی کـچەکەمان پەیـدا دبێـت بێنـازو خۆشەویـستی یـەکێك لەئێمـەلێوی هیـشك دەگەڕێت (محمد) یش... ڕسـتەکەی درێـژتر دەکـردوو دەیگـوت:( بـۆ نـا... ئەم ولاتە گۆڕەپانی مەرگ و خەرەنـدی دابڕانـە, دوای مردنـی یـەکێکمان... دەبێت ئەوەی ترمان ئاگای لەکچەکەمان بێت, هـەر ئەوەنـدە نـا... دەبێـت تـەواوی ژیـانی بـۆ تـەرخان بکـات) منـیش لـە بەرانبـەری توند کـچەکەم بەسینگمەوە دەنوساند. (محمد) چاوە مەنگـەکانی تێـدەبڕیم و دەیپرسـی: (گومانــت لــە قــسەکانم هەیــە؟ پێتوایــەدوایتوو... ســەر دەنێمەســەر

سەرینێکیتر؟) بێدەستی خۆم گەروم پڕدەبوو لەگریان و بەنە ولآمم دەدایەوە. کاتەکانمان بەخۆشی بە ڕێدەکردو ژیانمان بەسادەیی دەگوزەرا, بەلآم مردن و دابڕان تەنانەت لەسەر خوانەکانیشمان ئامادەیی هەبوو, زۆر هەوڵمدا لەبیری بەرمەوەبەلآم نەکرا.

لەماوەی ئەو دووساڵەی هاوسەر گیریمان وەك دووعاشقی دوورلەیەك هەموو ساتێکی پێکەوە بونمان ژووانێکی تازەبوو.

ئەو بەیانییەی وەك هەموو بەیانییەکان, تادەرەوە بەرێم کردوو لەسیلەی دیوارحەوشە ڕاوەستام تا لەوسەر کۆلآنەکە لێم ون دەبێت، تەواوێك دوور کەوتبۆوە هەڵوەستەیەکیکرد, سەری ژەندەزەوییەکەو بەخشکەبۆلامان گەڕایەوە، ڕەنگ لەڕووی نەمابوو.. شپرزەدیاربوو, ئازای گیانی دەلەرزی نازانم ئەو بەیانییە بۆئەوهابوو؟. ویستم پەلکێشی ژوورەوەی بکەم و سەری بەسینگمەوەبنێم, زۆر پەلەی بوو لێم نزیك بوەوە وگوتی:( دەزانیت.... لەدوای هەرکۆستێك دەبێت لەگەڵ ژیان ئاشت بینەوە...؟ ئاخر دەبێت سوڕی ژیان بەردەوام بێت وانییە؟).

سەرێکی ناحالێم بۆبادا, ئەو بەردەوامبوو گوتی:( دەڵێم ...لەگەڵ تودرۆم کردووە, کەی پیاوێك بینرا دوای لەدەسدانی هاوسەرەکەی ژنێکی نەهاوردبێتە سەرجێگاکەی..؟ تەنها ئێوەن لەگەڵ ژیان ئاشت نابنەوە !, ئێوەی ژنان... جوانی خۆتان لەتەنیاییدا کاڵدەکەنەوەو حەزەکانی خۆتان

دەکەنە قوربانی هەڵوێستی کەلتورێکی باو، یان جەستەی ناسکی خۆتان بەدیار منداڵەوە پیردەکەن, وریابە نەخەڵەتابی... !

دوای مردنی هەر یەکێکمان دەبێت لەهەوڵی پەیدا کردنی دایکێك یان باوکێکی چاکدابین بۆکچەکەمان, نەك لەتەنیایی خۆماندا ئەویش تەنیاتر بکەین). لە قسەکانی بوەوە بزەیەکی خستەسەرلێوی, وەك ئەوەی ناخی ئاسوودە کردبێت, شادیەك لەچاوە فرمێسکاویەکەی بریسکەی ئەدا.

منیش بەڕواڵەت خۆم تورە کردو گوتم : ئەوەچیتە... مردن دابران ... مردن دابران, بۆ هەر ئێمە مەحکومی ئەم قەدەرەین؟. (محمد) پشتی کردو رۆیشت تا لەسەر کۆڵانەکە ونبو... چەندجارێك ئاوڕی لێداینەوە.

هاتمە ژورەوەو گریام, یەکەم جارمبوو بەڕویا هەڵشاخام و بێدەنگم کرد. ئەوەی لەوسبەی نێیە لێیم بیست نەدەبوو بهێڵم لەدەستم دەربچێت. قسەکانی تازەبوون, خۆم هەڵگرت بۆئێوارە، ئەوەندەی قسەدەکەم (محمد) گەیشتبووە شوێن کاری خۆی, لەگەڵ بیستنی تەقینەوەیەك, پڕبەماڵەوە قیژاندم و بۆسەربان ڕامکرد, چونکە دڵم هەرلاییبوو.., بینیم دوکەڵێکی ڕەش لەشوێن کاری (محمد) بەرزدەبوەوەو خەریکبوو شاری دادەپۆشی, ئەژنۆکانم شل داهەزان دەستەکانم گەیاندە زەوییەکەو چاوەکانم لە ڕەژووی جەستەسوتاوەکان بڕی کەبەئاسماندا دەچون, (محمد) ی هاوسەرم کەوتە بەرچاوم... لەناو گەردێکی سپیدا بۆقولایی ئاسمان هەڵدەکشاو بەدوو دەستی ماڵ ئاوایی لێدەکردین. بە لۆژەلۆژە هاتمەخوارەوەو کچەکەم لە

لانك دەرهێنا... ئەویش بەدوو دڵۆپ فرمێسکی قەتیس ماو لەسەرکوڵمە خڕەکانی, ماڵ ئاوایی لەباوکی کردبوو. ژنەفرمێسکەکانی سڕی وبێدەنگ بوو, لەوکاتەی گەیشتبوونە فەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی و چونە ڕیزە دورو درێژەکەی بەردەم فەرمانگەکەوە.

ژنە بە ساڵاچوەکە ئاهێکی هاوخەمی بۆهەڵکێشاو ئاماژەی بۆ ڕیزی ژنان کردو پێی گوت:" ئەو ڕاستی گوتووە... ئێمە ناتوانین لەگەڵ ژیان ئاشت بینەوە, دەبینیت... هەموو لەقەلەڕەش دەچین نەك, لەکەناری؟؟".

# دیواری جوتیارەکەو مریشکی هەژارەکە

١- حەمەشین دوایین کەسی ئاواییبو, خۆیکرد بەمزگەوتداو شوێنی خۆی کردەوە, کراسە قوڕاوییەکەی هەرلەبەردابو, دەستی بەسینگەوەنا: "ببورن مامۆستا, لەوانەیە لەچاوەڕوانی مندابوبن, باوەڕبکەن هەر ئەوەندەفریاکەوتم". کادرەکە, کەنیوەی قسەکانی کردبوو بەردەوام بو لەسەری و بۆ ئامادەبوان گوتی: " ئێوەن لەداهاتودا لەپاڵ پێشمەرگەدا ڕێزی خۆڕاگری و قوربانیدانتان پێدەدرێت, خۆفرۆشانیش بەسزای گەل دەگەیەندرێن". دواتر چوەسەر مەسەلەی چینایەتیو گوتی: " خەباتمان بەرەوکۆمەڵگایەکی یەکسانە, لەڕوی دەستمایەی کارو ئاستی ژیانوگوزەراندا, لەوەزیرێکەوە تا جوتیارێک دەبێت داهاتی ساڵانەیان وەکیەك بیێت و.. بێ جیاوازی ڕێزو حورمەتیان بگیرێت, دەبێت میکانزمێکی گونجاو دابنرێت بۆنیشتەجێکردن, بەجۆرێك نەخانوی بەرزی چەند نهۆمی و نەچواردیواری داتەپیو, دەبێت خەڵکی لادێش پەرەبەکاری هەرەوەزی بدەنو هاریکاری یەکتربکەن, کەس خۆی بەکوێخاو ئاغا نەزانێت, چونکە مرۆڤ بەئازادیو یەکسانی لەدایك دەبێت, نابێت ئەو ئازادی و یەکسانیە بشێوێندرێت, بەوەی ئەمەکوڕی کێ و ئەوەکوڕی کێیە, ئەمە یان بەرپرسی حکومەتەو ئەوەیان نوێنەری پارتێکە". کادرەکەبێدەنگ بو, پەرداخە ئاوەکەی نیوەکرد، خەڵکەکە لەبێدەنگیەکی سەیردا مەستی قسەکان ببون، کادرەکە چاوی بەسەر خەڵکەکەداگێڕا, تالەسەر حەمەشین

گیرسـایەوە کەلایدەرگاکـەوە دانیـشتبو, پێـی گـوت:" کـاك حەمەشـین حەوشەکەت زۆرگەورەکردوە, دەبێت بچوکی بکەیتەوە". حەمەشین شڵەژا, هەڵسایە سەرپێ‌و لێوەکانی تەتەڵەیدەکرد, قسەی بۆنەدەکرا, دواجارتوانی بڵێت:" ئاخرمامۆستا زەویەکە هینخۆمە، خانوەکەشم لەپەڕگەیـە, نـەکۆڵانم تەسك کردۆتەوە, ئێ نەڕێگای کەسم گرتـوە". ئەمـەی گـوتو دانیـشتەوە, کادرەکـــە جـــەختی لەسەرقـــسەکەی کـــردەوە, یـــەکێك هەڵـــساو ڕویکردەحەمەشین:" مامۆسـتا ڕاسـتدەکات, بائێمـە لەخۆمانـەوە دەسـتپێ بکـەین, مـەلاش لەخوتبـەدا چـەند جارێـك ئەمـەی گوتـوە". کۆبونەوەکـە بـەکۆتاهات, خـەڵکی گونـد بـەرەوماڵ بونـەوە, حەمەشـین قازمەیـەکی دەستدایەو ژنەکەشی خاکەنازێك‌و کەوتنە تێکدانی دیوار حەوشەکەیان.

٢–هـەر لەومزگەوتـە, لەکۆبونەوەیـەکیترو کـادرێکیتر بەپێـشەکییەکی درێـژ دەستی پێکرد, دواتر چووە سەرگێڕانەوەی چیرۆکێك‌و گـوتی:" لەشۆڕشـی پێـشوو, پـەلێکی پێـشمەرگە دەچـنە گونـدێك‌و بەماڵانـدا دابەشـدەبن, بەرپرسەکەیان لەماڵێك بەرچایی دەخواتو سـاقۆکەی بەجێدێڵێت, خـاوەن ماڵ بەژنەکەی دەڵێت: کاکی بەرپرس ساقۆکەی بەجێ هێشتوە, نیـشانەی ئەوەیـە ژەمـی نیـوەڕۆ دێتـەوەماڵی ئێمـە, دەبێـت ئـەو مریـشکەی هەمانـە سەربڕیت. ژنە بەنیگەرانییەوە: ئاخر هەر ئـەو مریـشکەمان هەیـە, ڕۆژانـە هێلکە بـۆ منداڵەکانـدەکات, چـۆن دڵمبێـت سـەری بـڕم. خـاوەن مـاڵ سـەر

بائەدات: ژنەکە چارێکمان نیە, کابرا بەرپرسە ئابڕومـان دەچـێت. ژنەکەبـە ناچـاری.. مریـشکەکە سـەردەبڕێت, دوو منداڵەکەیـشی بـەدیار مریـشکە سـەربڕاوەکەوە بـەدەم گریانـەوە بـەدایکیان دەڵـێن: بـۆ مریـشکەکەمانت سەربڕی؟ ئەو هێلکەی بۆ ئێمەدەکرد, خۆ مریشکی دیمان نیەهێلکـەمان بـۆ بکات؟". کادرەکـە بێـدەنگ بـوو, سـەری بەخۆیـدا شـۆڕکردەوە, زۆربـەی خەڵکەکە فرمێسك لەچاویان قەتیسما, هەبوون لێرەولـەوێ چاویاندەسـڕی, کەس ورتـەی لێـوە نـەدەهات, کادرەکـە هـەرخۆی کەوتـەوە قسان:" هـەر چەندە ئێمەدرێژە پێدەری ئەو شۆڕشەین, بـەڵام بـەبیرێکی نوێـو ئاکـارێکی نوێ, بەرپرسەکانمان خـاکین, ئـەوەی لەپێشـشمەرگە جودایـان دەکاتـەوە, کاری زۆرو ئەرکی گرانـە, دەنـا گیرفانیـان لـەگیرفانی پێـشمەرگە خـاڵیترە, بـەڵێنش بـە جـەماوەر دەدەیـن هـەروا بمێـنین". لـەکۆتایی قـسەکانیدا سوپاسی ئامادەبوانی کردو گـوتی:" ڕەتکردنـەوەی سیاسـەتی ڕاگواسـتنو کـۆچ پێکـردن بـۆ ئۆردوگاکـان نیـشانەی ئازایـەتی و خۆڕاگریتانـە, کاتێـك شۆڕشـەکەتان بـە ئامـانجی خـۆی گەیـشت, پـێش هەمووشـتێك ئێـوەی گوندنشین خزمەت دەکرێن, دەبێت ئاسـتی ژیانتـان لەسـەروی ئێمـەوەبێت, چـونکە بەمانـەوەتان لەتـەك شۆڕشـەکەتان, سـەلماندتان بـەماڵو منـداڵ پێشمەرگەنو ئەرکتان لە ئێمە گرانترە". کادرەکە کۆتایی بە کۆبوونەوەکـە هێنا, خەڵکەکـە بـەرەوماڵ بونـەوە, پیـاوێکی بـە ساڵاچـوو ڕیـشێکی سـپی بـەردابۆوە, بـەدەم ڕێـوە دەسـتەکانی بـەرزکرد بـوەوە:" خودایـە ئـەم

شۆڕشەمان بە ئامانج بگەیەنیت, تائێمەش لەم کوێرەوەریە, ڕزگاردەبین".
گەنجێك لەژێر لێوەوە وەلامیدایەوە:" تۆبڵێ ڕزگاردەبین لەچنگی داگیرکەران ئا.. دەنا ئەم قسانە کەرەستەی حیزبن, هەر زەمەنێك بڕەدەکەن, سبەی لەکوێ کاکی بەرپرس دەبینیتەوە؟". یەکێکیتر خێسەیەکی لە گەنجەکە کرد:" توهێشتا منداڵیت, بەوە نابێت کتێبێکت خوێندۆتەوە, ئەمانەکوڕی ئەم میللەتەن, بەو مزگەوتی ماڵی خودایە, دواڕۆژ منداڵی ئێمە لەمنداڵی خۆیان پۆشتەو تێرتر دەکەن".

# گوناه

تــــەواوێك لـــەئاوایی دووركەوتبوویتـــەوە، ویـــستت لەپـــەنا.. گابـــەردێكا هەناسەیەك بدەیت، هەركە نیگای دواوەت كرد و بینیت... خاك دەسـووتا و دارودرەخــت هەڵدەقرچــان و كانیاوەكــان دەبــوون بــە هــەڵم، خانوەكــان هەرەسیان دێناوئاوایی لەناو چڕەدووكەڵ و تۆزدا وندەبوو، قریشكەو هاوارو وەیلا..دەنگدانەوەیان لە گوێـچكەتدا هەراسـانی دەكردیـت، بـەو لێكدانـەوە ساكارەت پێت وابوو ئەمـە حەشـرێكی بـچووكەو سـزای گوناهـەكانی زۆرێـك لەوخەڵكەیــە، بــەڵام هەرچــەندی لــەخۆت ڕادەمــای... نەتــدەتوانی لــەو موعجیزەی دەربازبوونەت پاكانە بۆ بەرائەتی خـۆت بكـەیت. لـەوێش تـرس هەڵیكەندیت، بەپەلە ئەوشـوێنەت جێهێـشت و شـۆڕ بوویتـەوە نـاو دۆڵێكـی بژون و چوویتەوە سەرتوولە ڕێگایەك و بینیت چەندانی وەك تو پەرتەوازە و هەڵاتو لە هەمان ڕێچكەدا بۆ خۆكوتانە ناو شار ڕێگادەبڕن.

یەكێك لێت نزیك بـوەوە و پـەلی منـداڵێكی لێوەرگرتیـت، ئەوسـا زانیـت لـە سبەینێوە ئەوەندەی خۆت پڕت كردبوو، بیٚ ئاگا دوو منداڵەكەشـت بەسـەر دڕكو داڵی ئەو ناوەدا پەلكێش كردبوو.

ئەو ڕۆژانەش لەشار دەنگەكان لەخەجاڵەتان هەر ئەوەتا نووزەیاندەهات، لە پشتی دەرگـا داخراوەكـانی خزمـەوە پێیانـدەگوتیت: ببـوورن لـە سـێبەری باڵاتــان، لــە شــان و ملــی تۆزاویتــان لــە پــیٚ و دەســتی شەقارشــەقارتان دەترسێین, خەجاڵەتین... پێیان گوتووین لێتان بترسێین!.

تۆش ورتەت لە زار دەرنەدەهات، دواجار دەستی منداڵە قژ پژەکانت گرت و ڕووت لـە مزگـەوتێکی ئـەو نزیکـە کـرد، مامۆسـتایش دەرگـای مزگـەوتی لێگرتیت: ئامان ڕۆڵە.. ئێوە بـۆنی مـەرگتان لێـدێت، کاروانەکـەی ئێـوە لـە تەمتومانی دوێنێدا بەرەو بیابانەکانی فەنابوون بردران، ئەمڕۆ مزگەوت کوا وەك ماڵی میوان و بێنـەوایان مـاوە؟ ڕۆڵـە لـەم وەرزەدا قورئـان و مەنـدیلی سپی ڕێزیان کوا؟ خەجاڵـەتم ڕۆڵـە لێتـان دەترسـێم! ئـاخر پێیـان گوتـووم لێتان بترسێم.

ڕووتلـە مامۆسـتا وەرگێـڕا و لەگـەڵ هەڵـدانی هەنـسکەکانتدا خـەریکبوو دەگەیشتییە ئەو ڕایەی هەڵهاتنی توش لەو دۆزەخە گوناهێکی تربـوو (ئـەی ئەوەنییە دەرگای مـاڵان و مزگەوتـەکانمان لـێ داخـراون؟) ئەمـەت لـە دڵـی خۆتـدا گـوت و داهاتیـەوە هـەردوو منداڵەکـەت مـاچ کـرد و توندتونـد بـە خۆتەوەت نوساندن، ئەوانیش پەیتا پەیتا چمکی کراسەکەتیان ڕادەوەشاند و دەیانویست بۆ ماڵەوەیان بەریتەوە.

لەبەرخۆتـــەوەگوتت:( مـــاڵی چـــی وحـــاڵی چـــی..ئەوەحەشربوحەشـــر، ئیترچـــاومان بەکەســـوکارناکەوێتەوە ڕۆڵـــەکانم، ئەمێـــستاکە ماڵەکـــەمان لەکۆمەڵێك ڕەژو زیاترنیە). بەدووپەنجەت فرمێسکەکانی سەرگۆنات لابـردوو ئەوێت جێهێشت، لەگەڵ ئاوابوونی خۆرا توش لەبـەردەم هەڕەشـەی شـەودا لەرزت لێهاتبوو، نەتدەهێشت منداڵەکانت لەوە تێبگەن.

چاوت دایە دوکانێك لەوبەرشەقامەکەوە، بەهەنگاوی شەکەتەوەلەنێوتاریکی ئێـوارەدا.. لـەخالۆی دوکانـدار نزیـك بوویتـەوە، تەنیـشتێکت لێکـرد و لـە شەرمان سەرت بەردایەوە، بە دەم هەنسکەوە پێتگـوت:" خاڵـە گیـان هـەر ئەم شەو لە سوچێکی ماڵەکەتان جێگامان بکەنەوەخێرتاندەگاتێ".

دەسـتەکانت بـۆ ئاسمـان بـەرزکردەوە:" خودایـە دەبێـت چـەند گوناهبـار بـین؟". خـالۆی دوکانـدار لەگـەڵ کردنـە ژوورەوەی کەلوپەلەکانیـدا هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێـشا وگـوتی:"هـەر ئێوەنـا.. ئێمـە هـەموومان گوناهبارین، گوناهی کـورد بـوون دەڵـێم رۆڵـە، بـەڵام دەبێـت بەرگـەی ئـەم تەنگانەیەش بگرین کچی خۆم، لە دێرزەمانەوە هەروا درێژەمان بە مانەوەی خۆمانداوە، ئەوەندەخۆت نارەحەت مەکە، مـاڵی ئێمـەش ماڵـە بـابی خۆتـە تـوو وەك کـچی منـی، تـا دەرفـەتی ژیانمـان پـێ ئـەدەن لـە مـاڵی ئێمـە بمێنەوە". خـالۆی دوکانـدار قفڵێکـی لـە دوکانەکـەی داو دەسـتی هـەر دوو منداڵەکانتی گرتوو کەوتە پێشت، پەنجا مـەترێك دوورکەوتبوونـەوە زیلێکـی پڕ لەسەرباز لە ئاستان ڕاوەستا، سەربازەکان لێتان هاتنـە خـوارەوە، وەك داڵـی برسـی چـنگیان لێتـان گیرکـرد و لەزیلەکەسـوارکران و بـەرەو ئـەو چارەنووسەی لێی هەڵاتبوون بردران.

## گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی هەرزەیی

نیازم نەبو بە کۆڵانەکەیانا گوزەربکەم... !

بیستبوم ئەو لەژێرسانسۆرا خەفەکراوە ! منـیش لای خـۆم هـەمان سانـسۆر وەلێ بەشێوەیەکیدی سۆزم خستبووە ژێرپرسیارەوە: دوای بینین چـی ڕوو دەدات؟ ئـەو بەکۆشـێ منداڵـەوە.. ئـاخر چـیمان هەیـە بەیـەکی بڵـێین؟ جگەلەچەشتنی حەسرەتەکانی ڕۆژانی لەدەس چومان, گونـاهی کێبـوو...؟ ئەوسەنگەرانەی لەجێ ژوانەکانا.. بـۆ ڕوبەڕوبونـەوەی دوژمـن لێمانـدان...؟ یـان ئەوهەلاتنـەی جگەلەجەسـتەی شـەکەتی خۆمـان... هـەمویانمان بەدەستەوەدان ! .

بەکۆڵانەکـەدا دەڕۆم و سـەرم بەرداوەتـەوە بۆبـەرپێی خـۆم, دەهێنمـەوە پـێش چـاوم : ماڵەکـەیان لـە ناوەڕاسـتی کۆڵانەکەیـە بـەلای چـەپدا, دەرگایـەکی یـەك دەری سـپی مـانگێکی یـەك شـەوە لەناوەنـدی دەرگاکـە بـەڕەنگی پرتـەقاڵی بۆیـەکراوە, دیـواری حەوشـەکەیان بەخـشتی سـوور هەڵچنراوە, چڵە میوەکان بەدیوی کۆڵانەکـەدا شـۆڕ بوونەتـەوە, خانویـەکی داهێزراو سیمای هەژارانەی پێوەدیارە. نازانم ئەم زانیارییانەم چۆن و کەی وەرگرتبـووە؟ دەڕۆم و نیگاکـانم لـە ژێـر پێلوەکـانم دەتاسـێنم نـەبادا ڕێکەوتێکی خۆش خەمێکی گـەورە بـەدوای خۆیدا بهێنێت. لـەپڕ هـەروەك تیشکی خـۆر... گـەرمی نیگـاییم لەسـەر ڕوخسارم هەسـت پێکـرد, سـەرم

هــەڵبڕی و بینــیم و ڕوی وەرگێــڕا, وەك خزمــەت كارێـك چـاوەڕوانی فــەرمان بكات, لە بەرامبەر پیاوەكەی سەری بەردایەوە, منیش خێرا تێپەریم.

دوای ڕوخاندنی گوندەكـەمان و هـەڵبڕان لەیـەكتر, هەریەكـەمان لـەدۆخێكی جیــاوازدا ناچــاری ملــدان بــۆ واقیعێــك كــراین, ئیترلــەدوری دورەوە, لــە هــەڵوەدای ژیانــدا تەمــەنمان بەســاڵانێك بەخــشی, بێئــەوەی یادگارییــەكی لەزەینماندا جێهێشتبێت, ئەوەی هەیە بۆساڵانی هــەرزەییمان دەگەڕێتــەوە. ئەمێستا ئەو... خستمییەوە سەرباڵی خەیاڵ و گەڕانەوە بۆ ئـەو ڕۆژەی بـیٚ خشپە دەرگای حەوشەكەیانم كردەوە: لەگەڵ قیژەی قازەكانیـان و تـەپو تــۆزی بــای باڵیــان, (تــریٚ) لــەژورێك سەردەكێــشێت و بەســەرنجەكانی دامدەبێژێت, بزەیەكی منداڵانە دەخاتە سەرلێوی و سەردەكاتەوە بەژووردا, منــیش هــەروا... لـەناو حەوشـەكەیان ڕادەوەسـتم و دەسـتەكانم بەخۆمـدا شـۆڕدەكەمەوە, نـەدەتوانم لەژورەكـەی نزیـك ببمـەوە نەدەسـت بـەرداری بینینی دەبم.

دەمــەویٚ تــریٚ بــدوێنم بــەلاّم قــسەیەكم بۆگــوتن نییــە, دەمویــست خــۆم لــەكارەكانی هــەرقورتێنم بــەلاّم توانــای نوانــدنیم نــەبوو, لەناخــەوەش دنیایەكی ترم وێناكردبوو, تا لەگەڵ ئـەودا دورلـەمرۆڤ و نیگـا مـەغزاكانیان, ئاوێزانی یەكتربین.

لەودەمەوەی كەوتبوە بـەردڵم, ئەمـە ئـەو پـەڕی سەركێـشیم بـو, كـەبتوانم بەتەنیٚ پیٚ بنێمە حەوشەكەیان.

(ئایشەخان) بۆ لام هات و چەند جارێك خۆی بەقوربانم کرد وگوتی:" ئافەرین قنجەگیان توکوڕێکی باشیت بۆماڵی ئێمەهاتوویت". ئایشەخان دەستم دەگرێت, منیش سوك لەشانییەوەرێدەکەم هەستدەکەم کارێکی باشم کردوە, بوك وکچەکانی ئایشەخان, لەسەر هەیوانەکە نیگامدەکەن, منیش لەبەرامبەریان دەمەوێت ولاّمم هەبێت بۆئەمە دزەنیگایاندەکەم, کچە گەورەکەی پرچەدرێژەکەی لەنێو دەستەکانی گەمەی پێدەکات و لێم نزیك دەبێتەوە پێمدەڵێت:" وەرە شەرم مەکە... وا گەوربۆتی, بۆئێستای تۆ شەرم باش نییە". لەگەڵ قسەکەیاتەزووی شەرم بەماسولکەکانمدا ڕەتدەبێت, هەردوو چۆکم دەکەونەلەرزین, لەولاشەوە بوك وکچەکانی ئایشە خان بەگوێی یەکتردادەچپێنن وبزەیاندێت. دەستم لەنێودەستی ئایشە خانە, دەمبات لەهەیوانەکە دامدەنیشێنێت وهەموان لەبەرامبەرم دادەنیشن, بوکەکەی بەسەرچۆکی خۆیدا دەدات و دەڵێت :" داخم بۆئەم کوڕەجوانە, ئەوندەشەرمنە.. ئەهالەشەرمان سوور هەڵگەڕاوە؟".
ئایشەخان قسەکەی پێدەقاچێت:" شەرم بۆدەکات.. ماڵی پوری خۆیەتی, دوایەش واگەورە بووە هەڕەتی ژن هێنانیەتی". بەدوای قسەکەی ئایشەخان, بوکەکەی دەڵێت:" من لەشان بوکێ چەپڵەدەکوتم". کچە گەورەکەی دەڵێت:" خۆم چۆپیدەگرم و دەسرۆکە ڕادەوەشێنم". ترێ کچە ناونجییەکەی سینگی دێنێتەپێشەوە, پرچەزەردەکەی لەسەر ڕوخساری لادەبات ودەڵێت:" من لەپێش بوکێ سەمادەکەم". ئایشەخان سەرپۆ

شەكەی ڕێكدەخات و ڕولەترێ دەلێت:" ئەگەر ئەوبوكە خوت بويت چی؟". لەگەڵ پێكەنينی ئەواندا سەرم لەكۆشم دەنێم و بەبن چاولەترێ دەڕوانم, هەستێكی شەرم ئامێز ڕوخساری دادەگرێت, نەرم نەرم لێوە تەنكەكەی بزەيەك دروستدەكات ودەلێت:" جا چييە". ئايشەخان دەستە گۆشتنەكەی بەسەرم دادەهێنێت ودەلێت:" ئەوەی دەگوترێت لەخۆشەويستی وۆوە, ماشەللاَ شەرم مندالَ خۆشەويست دەكات, بەلاَم تو لەمالَی ئێمە نابێت شەرم بكەيت". لەم كاتەدا ترێ كێك و شەربەت لەپێشم دادەنێ و چاوم لێدادەگرێت, دەستەپاچەيی من ئەو ئاسوودەدەكات, نيگا گەرمەكانی ناهێلێت سەر هەلَبڕم.

دەستە لەرزۆكەكەم بۆكێك وشەربەتەكە درێژدەكەم و لەدلَی خۆمدا دەلێم: تالێيان نەكردوم بەشت!. ئايشەخان لەتەنيشتم دانيشتوەپێمدەلێت:" قنجەگيان توولەگەلَ ( ترێ) چەند ڕۆژێكيتر مۆمی ١٣ سالَەتان دەكوژێتەوە, باوكی ڕەحمەتيت گوێزەبانەی توو (ترێ)ی پێكەوەكرد, من ئەودەم گوتم:" ئەم دوانە خوا تەمنيان بدات وگەورە بوون و دلَيان چووە يەكتر, بۆكەس نييە دەست بێنێتە ڕێيان". بوك و كچەگەورەكەی ئايشەخان, بالَنگژی ترێ دەبنەوەو سەردەنێنە سەری, منيش خۆم دەهێنمەوە يەك و شپرزەدەبم.

ترێ  لەبەرامبەرم ڕادەوەستێ و چاولەچاوم دەبڕێت, وەك ئـەوەی نێـچیری کەوتبێتە بەردەست و خۆی بۆ پەلاماری ئامادەبکـات, زۆر بـاوەڕی بـەخۆی هەیە.

ئایشەخان دووجار دەستی لەپشتم ئەدات و دەڵێـت:"  هەڵـسە لەگـەڵ تـرێ زۆران بگرن, تو کوڕیت بەهێزتریت, هەر بڵێی یەك و دوو دەیدەی بەزەویدا, دەی بتبینم... نەیـدۆڕێنیت, ئەمـەگرەوە... یـان خوشـکەکەت دەدۆڕێنیـت یان ترێ بۆخۆت دەبەیتەوە". قسەکانی ئایشەخان گیـانم سـڕدەکات, خـۆم گرمۆڵەدەکەم, دەستەکانم دەخەمە کۆشمەوە, دەمەوێت بگریم... گریانێـك لەم دۆخەم ڕشزگاربکات, بـەری چـاوم تاریـك دادێـت, تـرێ وەك تارماییـەك لەبەرامبەرم دادەبینم, هەستدەکەم دەستە نەرمەکانی ترێیەدەستم دەگرێت و لەجێوەهەڵم دەسێنێت و لەبرانبەر خۆی ڕامدەگرێت, ئایـشەخان و بـوك و کـچەگەورەکەی هـانم دەدەن:" دەی قنجـەگییان ئازایـەتیت بنوێنـە, ئەمـە گـرەوە نەیـدۆڕێنیت".  بـەکێ دەڵـێن...؟ هەرچـی ماسـولکەیە لـەگیانم سڕبوونە, بەکام هێز خۆم بنـوێنم؟ ئـەو هێـزەی شـەرم تێکـی شـکاندوە..؟ ترێ ئەمەت لەسەر ناچێت... بابمێنێ بۆ شـوێنێکی چـۆڵ.. چـی... دییـارە خۆت ناناسیت؟.

ئەمانە لەدڵی خۆمدا دەڵێم.  تا ئێرە ترێ چاوەڕوانە من باوەشی پێدابکـەم, کەئەوەم لێنابینێـت, ئـەو خـۆی کۆدەکاتـەوە, دەسـتەکانی مـن لەکەمـەری خۆی دەگەێنێتەوەیەك, دەستەکانی خۆشـی لەپـشتم توندەکات, سـینگی

بەسـینگمەوە دەنێـت و مەمکـەکانی کـەتاز هەڵیانـدابوو لـە سـینگم دەچەقێنێت, لامل و گـەردەنی لـەملم دەئالێنێـت؟ پرچـەدرێژەکەی بەسـەر چاوما پەخش دەکات و هەناسـەکەی بـەجۆرێك هەڵدەمـژم نـاخم پڕدەکـات, ئارەقەی شەرم لەگیانم دەچـۆڕێت. بـۆ ماویـەك بـەم جـۆرە دەمینییـنـەوە, چاوەڕوانی کەوتنی خۆمدەکەم, خوشکەگەورەکەی ترێ تاسێ دەژمێرێـت و ترێ بەتەواوی هێـزی بـام دەدات.., چـۆن بادانێـك... ئەگـەرخۆی نـەیگرتما لەزەوی تـەخت دەبووم, دوو جاران بەرزم دەکاتەوە, پێم لەزەوی دەبڕێـت, وام بەخۆیەوە دەگوشێت, دەڵێی تۆڵەی شەرمنییەکەم لێدەکاتـەوە, چـەند جارێك بەودیو بەم دیوا بامدەدات, لەگەڵیـدا ئـەژنۆکانم دەنوشـتێنەوە, ئـەو ناهێڵێـت بکـەوم. ئـەنجامێك چـاوەڕوانی نـەبووم! ئـەوەبوو.. تـرێ خـۆی دەخات و من بەسەر خۆیدا دەدات, دەنگی چەپڵەو ئافەرین بەرز دەبێتەوە, پێکراپێمدەڵێن:" حەلاڵت کرد, ئیتر بووە هـێن خـۆت". خوشـکەگەورەکەی ئەمە دەڵێت, ئایشەخان دەڵێت:" ماچێکە ماچێکە.. بووە دەزگیرانت, ئـیتر حەلاڵی خۆتە". بەکێدەڵێن!؟ من زەبونانە لە هەوڵی خۆقوتارکردندام, وەك بـەرخی لـەئاو هەڵکێـشراو, بـەلوژە لـوژە بـەرەو دەرگـای حەوشـەکەیان هەڵدەکوتم, دەترسم ترێ لەپشتەوە بمگرێت!.)

کەرکوك ٢٠٠٨/١/١٠

# زەنگە سوورەکان

لە دوای ژەمی نێوەڕۆ.. وەك زۆربەی ڕۆژان بەسەر گردۆلکەی پشت ئاوایی کەوتم شتێك بوو خوم پێوەی گرتبوو, ئارەزووی ساتێك تەنیاییم دەکرد, تەنیایی لە کەشێکی ئارامدا تا ئاستی مەستبوون چێژم لێوەردەگرت, بەهار لە لوتکەی تەمەنیدا سینگی بۆ خۆر هەڵخستبوو, ئاسمان لە قولاییدا شین خۆی دەنواند, ئاوایی لەگۆمێکی مەییو دەچوو, تاکوتەرا بەرخەوانەکان لە ژێر دارتووەکاندا.. بەدار لاستیکەکانیان چۆلەکە بزاوتەکانیان ڕاودەکرد, کەچی بێدەنگی ئەو ڕۆژە تەمەنی کورت بوو!

دەنگێك هەر بە دەنگی زەنگە سوورە دەچوو, وردە وردە نزیك دەبووەوە و تەنیاییمی دەشێواند, دەنگەکە بوو بەچەند دەنگێك و نزیکتر دەبوونەوە !

لە نێوان گردە بەرزەکاندا لە خۆرهەلاتی ئاوایی دووکۆپتەری جەنگی دەرکەوتن و لەودیو گردەکانەوە بزربوون, بەدوای ئەواندا کۆپتەرێکی بار هەلگر لە ژوورتر دەرکەوت پاش کەمێك ئەویش لە چاو ونبوو, دەنگەکانیش بەدوای خۆیاندا دوورکەوتنەوە.. بەلام مانەوە, دەنگەکان تێکەڵ دەبوون, لەوەدەچوو کۆپتەرەکان بە ئاراستەی جیاواز بسووڕێنەوە, مانەوەی دەنگەکان لەیەك شوێن درێژەی هەبوو, لە هیچ لایەك دەرنەدەکەوتن.

ترسێك لە ناخمدا چەکەرەی کرد, هەڵسام بێمە خوارەوە, دیمەنێك هەلۆەستەی پێکردم, ژنێك بە غاردان سەردەکەوت بۆ تەپۆلکە شاخەکەی ئەوبەرئاوایی, ناسیم پورە(کەژە)بوو ماڵیان لە پەرگەبوو, کەوتبووە

خۆرهـەڵاتی ئـاوایی, لەسـەر تەختـە شـاخێکی بـەرزتر لـە ئـاوایی, لەپـشت ماڵەکـەیان ئـەو تەپۆلکـە شـاخەبوو بـۆی سـەردەکەوت, پـورە (کـەژە) سـەرکەوتە سـەرتەپۆلکە شـاخەکە.. دەسـتی بـۆ ژوور ئـاوایی درێـژ کـردوو هاواری کـرد:" هـۆ ئـاوایی... ماڵمـان کـاول بـوو, کـەسمان نـەما جـەرگمان سووتا!".

بە لە خۆدان هاتە خوارەوە, بە گەرووی پڕ لەگریانەوە دەنگی هەڵدەبڕی:" هۆ ئاوایی... دەك داوەشـێن.. کـەسمان نـەما ماڵمـان کۆربـۆوە, جـەرگمان سووتا".

هاواری پورە (کەژە) دەنگی کۆپتەرەکانی لە گوێم خامۆش کرد, بـە ووردی تەماشای ژوور ئاواییم دەکرد, هیچم بەدی ناکرد.

لە دڵی خۆمدا دەمگوت: دەبێت چ کۆستێك بێت خۆی بەو ژنە نیشاندابێت و پاش کەمێکیتر ببێتە میوانی ئـاوایی؟!. پێـشبینییەکان بلـەز بـە مێـشکمدا گوزەریـان دەکـرد! لەسـەر هـیچ یـەکێ لەوانـە خـۆم یـەکلا نـەدەکردەوە, پێدەچـوو تـەواوی ئـاوایی بـەمجۆرە بـن, خـەڵکی هـەموو لـە سـەربانی خانووەکانەوە بەدیار ئەم دیمەنەوە تاسابوون!.

دەبینن پورە(کـەژە) خـۆی لەکـەس نەدەگەیاند, بـە تەنیـشت ئاواییـدا بـە غـاردان بـەرەو ژوور دەبێتـەوە, بـە دەنگێکـی نـزمتر دەیلاوێنێتـەوە و هەڵدەداتێ:" کەسمان نەما ماڵمان کاول بوو جەرگمان سووتا..."!!.

ئاوایی بە جارێك شڵەژا, لە نێو خەڵكدا بوو بە گوتە گوت, ئەو بۆ لای ئەویتر دەچوو, ئەو پرسیاری لەویتر دەكرد, هەر كەسەو دەیویست سـەرە داوێكـی دەستكەوێت. دواجار خەڵكی ئاوایی...بەپیاوو ژن.. كچ و كوڕ.. پیرو منداڵ لە ئاوایی دەركەوتن, بۆژوور ئاوایی كەوتنە غاردان بەناو قەرسـیل و مێرگـا, بەدەم بەست ولێوار كەندا بڵاوبوونەوە. مام (جەلیل) پیـاوێكی بەساڵاچـوو بوو دەستێكی بەگۆچانەكەیەوە گرتبـوو دەسـتەكەی تـری بـە كەلەكەیـەوە نـابوو بـەرەو ژوور بـە دوای خەڵكەكـەیا قاچـە لەرزۆكـەكانی هەڵـدەدا, لـەم كاتەدا گەیشتەڕاستم, بانگم لێكرد: ئەرێ ئەو خەڵكە بۆچی بەرەو ژوور غـار دەدەن؟. مام جلیل ئێستێكی كردو هەناسـەیەكی قـوڵی دایـەوە, گـوتی:" نازانم كوڕم.. دیسان چ بەڵایەكیان بەسـەر هێنـاوین". لای خۆمـەوە بەسـەر بەرزاییەكاندا كەوتمە غاردان, دوو بەرزاییم بڕی بەلا پاڵێكا سـووڕامەوە, لـە خەڵكەكە نزیك بوومەوە, بینیم پورە(كەژە) بڕستی لـێ بـڕاوە, دەكـەوێت و هەڵدەسـێتەوە, بـەردەوام غـاردەدات, ئـەو كەسـانەی دەگەیـشتنە پورە(كەژە) لێی نزیك دەبوونەوە پێدەچوو پرسـیاری لـێ بكـەن و ئـەویش ئەوەی دەیزانێت بەوان بڵێت, بۆیە ئەوان بە خێرایی زیاتر غاریـان دەداو بـە پێش پورە (كەژە) دەكەوتن, ئەو خەڵكە كەئەوەیانـدەبینی لـەدواوە زیـاتر دەخرۆشان.

(ڕووگەش) کچێکی تەمەن ١٢ساڵان بوو نەعلەکانی بە دەستەوە گرتبوو بەدەم گریانەوە غاری دەدا, لێم پرسی: تۆ شتێك دەزانیت وادەگریەیت؟. گوتی:" هیچ نازانم.. دایك و باوکم ڕۆیشتوون ئێمەیان جێهێشتووە".

گەیشتمە داوێنی گردە بەرزەکە, سووڕامەوە, ئەودیو دەرکەوت, دۆڵێکی بەرین بوو بەگردی بەرز دەورە درابوو, بەستێکی گەورە بەدۆڵەکەدا دەهاتە خوارێ, لەمبەرو لەوبەری بەستەکە چەند بیرێك لێدرابوون بۆ ئاودانی مەڕو ماڵاتی ئاوایی.

پێشینەی خەڵك گەیشتبوونە سەر بیرەکان وئاپۆڕەیان بەستبوو.. بە ناویەکترا دەهاتن و دەچوون, دەنگی گریان دەهات. خۆم گەیاندە ئاپۆڕەی خەڵکەکە, چەند کەسێکم لە پێش خۆم لابرد, چوومە پێشەوەبینیم حەوت(٧) لاشەی شەلاڵی خوێن لەسەر بەردو خۆڵی لێوار بەستەکە درێژ کرابوون, چوارلاشەیان (٤) بێ جوولە گیانیان لە دەستدابوون, سێیان(٣) لەبەر ئازاری برینەکانیان تلیان دەدا.

لاشەکان لە نێو شەپۆلی گریان و هەڵچووندا, لە تراکتۆر بارکران بەرەو ئاوایی, ڕانەمەڕەکان بێ شوان و سەگەکان لە دیار کەلوپەلەکان دەنووسکانەوە.؟!

# یادەوەری .. نەمرێك

چوار مشقی لێی دانیشت و گوێی بۆفەرماندەکەی هەڵخست, هاورێییەکی لە سیلەی دانیشتبو, بێئەوەی گوێ لە هیچ قسەیەك بگرێت, دییاربو ئالکابووە خەمێکی خۆیەوەو ئەمیشی پەلکێشی دنیای خەیاڵ کرد.

بەتەنیشتیانەوە دۆڵێکی دریژبو, لەتاریکی شەوەکەچاو بۆئەوسەر بڕینەدەکرد, چیاکان دەتگوت بەئاسمانەوە لکاون, لێرەوارێکی چڕو بەسام تێکەڵ بەو شەوە ببوو, لە هاژەی چەمەکەشەوە, خوێندنەوەی یادەورییەکی تاڵ مابۆوە؟! بەدەگمەن خەڵکی لێ ڕزگار بووە.

"ئەم شەڕی براکوژییە بۆتە پەتایەکو لێمان نابێتەوە." ئەمەی لەدڵی خۆیدا گوت و سەرێکی بادا, سەفەری خەیاڵە کەی وادیاربو زۆر دوربێت, لە منالییەوە واڕاهاتبوو.. لەنەوەرۆژێکەوە خۆی بۆ نەورۆژێکیتر هەڵدەگرت.

کەڕەتێك عەبۆل بەگوێیدا چپاندبو:" ئەگەر مردم کۆڵنەدەن و ئاگرەکە هەر بکەنەوە". ئەمێستا گوێی لە عەبۆلە لەگۆڕەکەی جاڕی ئاگری نەورۆز دەدات. چاوێکی بە ناو هەڤالانیدا گێڕاو ویستی بڵێت:" کوڕینە بائاگرەکە بکەینەوە". وەڵی هەرزو پەشیمان بۆوە, ئەمان عەبۆل ناناسن و بەسەرهاتی ئەو ڕۆژانەی منالی شتێکی تایبەتە بەمرۆڤ و هەرخوێدەزانێت چی بینیوەو چۆنی دەگێڕێتەوە!. دوبارە عەبۆل دێتەوە یادی وپێی دەڵێت": دەبێت ئاگرەکە هەر بگرێتەوە". ئەمیش لەبەر خۆیەوە وڵامی

دەداتــەوە:" ئاگرەکــە دەگرێتــەوە, وەڵــی جیــاواز لەســەردەمی ئێمــە!".
بێئەوەی کەس فەرمانی پێدابێت, هەڵسا و تفەنگەکـەی بەدەسـتەوەگرت و
بەفەرماندەکـەی گـوت:" ببـورە پێموایـە کەسـێك لـە دەسـتەکەی پێـشەوە
بانگم دەکات, دەبێت بڕۆم". لە نێوەندی چیاکە فیـشەکێك بـە نێـو شـانیە
وەچزا, هاوڕێیەکی چووەبن باڵی و بەرەو دوا گەڕاندیـەوە, لـەپاڵ تاوێرێـك
بۆ پشودان لایاندا.

جگەرەیەکی پێکردو مژیکی قوڵی لێدا, دیـاربو داوی خەیاڵەکـەی نەپـسابو,
چووەسەر یادەوەریەکانی منالّی خۆیان و بـەدەم ئـازاری برینەکەیـەوە, بـۆ
هاوڕێکـەی گـوتی:" سـاڵێك... سـاڵی هــەرزەکاری و ســەرگەرمیمانبو.. چ
گۆبەندێکمان نایەوە...!

لەگەڵ دا هاتنی ئێوارەدا, لەبەرانبەر باروتخانە دەیان تایـەمان نایەسـەریەك
و ئاگری نەورزمان جۆشدا, چیمان بینی ..؟

وەك تـاوە تـەرزە فیـشەك بەسـەرماندا بـاری وبـەدەورو پـشتماندا گیـزەی
دەهات, عەبۆل قسەی مامۆستاکەیانی بۆشـی کردبوینــەوە, کـە گوتبـوی:"
کارێکە لایەنی خەراپەی خودی و باشەی گشتی تیایـە". هـەر ئەوەنـدەمان
بەسبو بۆ یاخیبونمان, چونکە پیاوانی میری هەڕەشەیان کردبو: ئەگەر هەچ
کەسـێك ئـاگر بکاتــەوە خۆیدەکەینەسـوتوی ئاگرەکـە, ئەوشــەوە عــەبۆل
لەسەر قوللەی مزگوتی گەرەك نوستبو, من و دوو لاویتر لە ژێر گـەڤی ڕیـزە
لایتەکـەی ئـەو شـەوەیا, کـە وەك چـاوی گەلـە گـورگی برسـی, بـەدەوری

ئاگرەکـەدا بڵاودەبونـەوە, هـەروەك بـۆنی خوێنیـان کردبێـت, ئەوشـەوە هەڵیاندایـنـە ئـەودیوی زورگـەوە لــە شــارو خاســەیان دورخــستینەوە. ئەوەیدەهاتە مەزەندە گڕی ئەو ئاگرەبو بێ جۆشـدان دەهاتـە ڕسـکان!. د بەچالاکی دژی میری لەقەڵەم درابـو. عـەبۆل گەرچـی منـداڵێکی چـەتونبو, وەڵی لەخۆڕا نەهاتبووە سەر ڕێکخستنی ئەوکارانە! دووای ئـەوەی شـەوێك دەدەنـە سـەرماڵی عەبۆلـدا بۆخـەڵکی سـاغ دەبێتـەوە کـە عـەبۆل سـەر بەرێکخـستنەکانی ناوشـاربو, هەرچـی کـوڕو کـچی گەڕەکەکـەی خـۆی و گەڕەکەکانیتربون, عەبۆلیان کردە سونبولێك بۆ ئازایەتی.

ئەمڕۆ لە گۆڕستانەکەی شێمحێدین, گـۆڕێکی بێلاشـە هەیـە بـە نـاوی عـەبۆ لەوە, کە هاوڕێ کانی بۆنەمری عـەبۆل و بـەرز ڕاگـرتنی نـاوی, دروسـتیان کـردووە. هـەموو سـاڵێك لـە نـەورزدا هـاوڕێ کـانی چـەپکە گـوڵی لەسـەر دادەنێن و ئاگری نەوروزی لە تەك دەکەنەوە". هاوڕێکەی چـووەبن بـاڵی و کەوتنەوە ڕێگا. بەگەیشتنیان بۆ بارەگاکـەیان, یـەکێك بەپیریانـەوە هـاتو باوەشی لێداو گوتی:" نامناسییەوە..؟ من ئەو مامستایەم, کـە ڕێنوێنیتـانم دەکرد".

ئەم ویستی لە گۆڕەکەی عەبۆل بدوێت, مامۆسـتاکە قـسەکەی پـێ قاچـی و گوتـی:" ئەمڕۆ دوای عەبۆل, بیرو ڕایەکی بـەهێز لای خـەڵکی دروسـت بـوە, کە عەبۆل داینە مۆی هێزی لاوان و کارێزمای سازدانیانە بۆ هاتنە شاخ".

بەقسەکانی مامۆستا ئاوزایە چاوەکانی, وێنەکەی عەبۆلی لە بەرکی دەرهێناو سەرنجی لێدا, لە زەزدەخەنەکەی عەبۆلدا .. کەرکوکی ئازاد کراوی دەبینی, بۆ خۆشی لە پێش ئاپۆرەیەکی هاوڕی یان و خۆشەویستانی عەبۆلدا یە بۆسەر گۆڕەکەی.

چاوەکانی سڕییەوە, بیری لەوە کردەوە.. ڕۆژێك دێت کەس بەلای گۆڕەکەی (عەبۆلا) ناچێتەوە؟ یان هەر چەپڵەدەکوتن و خەریکە ئاسەواری ناوی ئەو دەبێتە سونبولێك بۆ ناوی پیاوێکی زیندو, بێئەوەی چیرۆکێکی قارەمانی.. یان سەر گوزەشتەیەکی هەبێت بۆ مێژو؟.

# ئەوان هەر بەدوامەوەن

زانیبـوم ئـەو هـەواداری حـزب نیـە، بۆیـەبێ سـڵەمینەوە چـومە بـەردەمیو سـڵاوێکی سـەربازیم بـۆکرد، سـڵاوەکەی وەرگرتمـەوە.. بەعـەرەبی گـوتی:" "مۆڵـەتت دەوێـت؟". دڵـم پڕبـوو.. مۆڵـەتم بۆچـییە!، ئـەو لـەحاڵی مـن گەیشتبوو، گوتم: کتابێکم بۆبکـە دەچـمە سـۆراخی منداڵـەکانم. تـەواوێك لێـی ڕوانیم، وەك ئـەوەی ویـژدانی ئازاریـدابێت چـاوەکانی خـستەسەریەكو سـەری بادا:" بەداخەوەم.. ناتوانم شتێکت بۆ بکەم، من لەتۆ تێدەگەم.. بـەڵام ئەمـە کارێکی پڕمەترسیە بۆهـەردوکمان، تـۆ ئەمـە دەزانیـت؟". سـەرم بـۆ لەقانـد چاوەکانم بوونە دوو گـۆمی فرمێـسك، بـەنزاوە پێمگـوت: بـۆ مـن گـرنگ نیـە! وابنوسە شتێك نەیاتـەوە سـەرخۆت. بـەدوو دڵیـەوە بـانگی کردمـە ژورەکـەی خـۆی، کاغـەزێکی لەسـەرمێزەکە ڕاکێـشایە بـەردەمی، بەقەڵەمەکـەی کەوتـە نووسـین، دواتـر لـەخوارەوە چـەند هێڵێکـی بەسـەر یـەکاداو دوومـۆری لـەدوو شوێنیداو دایەدەستم، چاوێکی پڕ بەزەیی تێبڕیمو گوتی:" ئاگاداری خۆتبە! لەم کتابە هەر ئەوەندە هاتووە کە تو سەربازی فەوجەکەی منی، دەتوانیت بۆ دووهەفتە پێی بگەڕێیت". بەپەلە ئەوێم بەجێهێشت، ناوەڕاستی مانگی (١١)ی ساڵی (١٩٨٨) دەمەو عەسربوو، لەهەولێرەوە بەرەو کەرکوك بەڕێکەوتم، شەو لەماڵی کوڕە پورێکم مامەوە لەگەڕەکی دورە سکەك، ئەو شەوە داوام لە کوڕە پورەکەم کرد لەگەڵم بێت بۆ(نـوگرە سـەلمان) لـێم نەپرسـی ئـەو هەسـت بـەو

مەترسـیانە دەکـات لەوانەیـە بێتـەڕێمان، هـیچ نیگەرانیـەکم لەڕوخـساری نەخوێنـدەوە، ئەوەهێنـدە خۆشیدەویـستمو پەڕۆشـی حـاڵم بـوو، لەهیـچی نەپێـچاوە، منـیش پێموابـوو ئـەو کەفـەرمان بـەرەو ماوەیەکـە لـە یەکەیـەکی سەربازی خزمەت دەکاتو ساڵانێکە لە کەرکوکە مەترسییەك بۆ ئەو نیە، زیاتر ئەوم بۆ ئـەوەدەبرد کـە عـەرەبی زانـەو لـەدامو دەزگاکـانی مـیری شـارەزایە.
هەینی بـوو.. بەیانیەکـەی لەگـەڵ کـوڕە پورەکـەم، کـەرکوکمان بـەرەو بەغـدا جێهێشت، لەوێشەوە بۆ سەماوە.

بەرەبەری نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە گەیشتینە سەماوە، لەچەقی بازاڕەکـە لاماندایـە چایخانەیەك، کـوڕە پورەکـەم بـەدەم چـاخواردنەوە ڕێگاوبـانو هاتوچـۆی بـۆ نوگرەسەلمان لەچایچییەکە پرسی، ئەویش گـورج چـووە دەرەوە، بـێ ئـەوەی هـۆی چـونمان بزانێـت.. ماشـێنێکی بۆهێنـاین، پێکهـاتین بـە ٢٠ دینـار بمـان گەیەنێتو بمانهێنێتـەوە، لاریمـان لـەزۆری کرێکـەی نـەبوو، کـابرای شـۆفێر.. کـەمو زۆر لێمـانی نەپرسـی، ئەوەنـدەش هـەبوو ئێمـە جلـی سـەربازیمان لەبـەردابوو. خـۆر چـەقی ئاسمـانی جێهێـشتبوو، هێـشتا نیوەڕۆژەمـان نـەخواردبوو، لەماشـێنێکی بـەرازیلی سـپی سـواربوین بـۆ (نـوگرە سـەلمان)، شـۆفێرەکە ڕەقەڵەیـەکی لـوت درێـژی سمێـڵ باریـك بـوو، جارجـارە مـژێکی لەسیغارەکەی ئەداو لە ئاوێنە لاکێشیەکەی بن میچەکە نیگایدەکردم.

ئەمێستا لەیادم نیە چەند خولەك بەسەر جادەیا ڕۆیشتین، ئەوەندەدەزانم زوو چوینەسـەرخۆڵ، ڕێگایـەکی پێـچاوپێچو لمـاوی بـوو، لەچـۆڵو هـۆڵی دڵـم

دەگوشرا، چاوم بۆ دور هەڵدەدا هەناسەم گران دەبوو، فرمێسک لەچاوەکانم قەتیس دەمان، لەوکاتەی لەخۆم دەپرسی: من لێرە.. لەچی دەگەڕێم؟

ئەی منالەکانم لێرە چیدەکەن؟. ئیتر قینم هەڵدەستا دەستەکانم دەنوقاندو ددانەکانم دەهێنایەوەو لێوی خۆم دەکرۆشتو لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئا.. دەبێت کونو کەلەبەرەکانی بیابان بگەڕێم، بن ڕەشماڵو ژێردەوارە حەسیرەکانیش، دەبێت لەنهێنی بیابان تێبگەم!، ئاخر منداڵی منیان بۆچی بردووە. باوەڕتان بێت ترسم لەبەردانەبوو، تەنها خەمی کوڕە پورەکەم بوو. شۆفێرەکە سیغاری بە سیغار پێدەکردو گرانایی پێی لەسەر بەنزین بوو، کەسمان ورتەمان لەزار دەرنەدەهات، لەپێشمانەوە گردی بچوکو بەرزایی دەرکەوتن، ڕێگاکەش کەوتە ناو دۆڵێك ئەمبەرو ئەوبەری کەندو تەراشە شاخی بچوك بوو، پێداشۆڕ دەبوینەوەو سەردەکەوتینەوە. دەمەو عەسر لەقەڵاکە نزیك بوینەوە، لەباشوری خۆرئاوای قەڵاکە شارۆچکە یەك لەپاڵ گردۆلکەکان دەبینرا، چواردەوری قەڵاکە تا چاو بڕدەکات تەپۆلکە خۆڵو جێ دەمی شۆفل بوو، لای باکوری خۆرئاوای قەڵاکەوە لە دۆڵەکە پەڕینەوەو سەرکەوتین بۆ قەڵاکە، لای خۆرهەڵاتی چاڵێکی گەورە کرابوو، ڕۆخەکەی کەندێکی بەرزبوو، دوای سوتانی خۆڵو خاشاکی ناوی، هێشتا جلی ژنو منالو پیاوانیش دەبینران.

ڕێگاکە بۆ خۆرهەڵاتی قەڵاکەی بردین، هەر کە قەڵاکە دەرکەوت شۆفێرەکە زاری هەڵپچڕیو گوتی:" ئەوە قەڵاکەی نوگرەیە". تەزوی یەك لەدوای یەك بەگیانمداهاتن، لەیەك کات خەمو شادیو قینو بێز بوونەوە، ناخیان پڕکردم،

زمان ناتوانێت ئەمانە دەربڕێت، لەوانەیە شادییەکە ئەوە بوو بێت، لەدڵی خۆما دامنابوو، دوای ئەو هەموو ئازارە، هاوسەرو منداڵەکانم دەبینمەوە، ئەوەی بەسەریان هاتووە لەوانی دەبیستم، ئەو ماوەی بێئەوانم گوزەراندووە بۆیاندەگێڕمەوە، ئەشکەنجەکانی تۆبزاواو هەیئەی کەرکوکم لەسەر ئەوان چەشتبوو، بۆوانی دەڵێمو جێدەمی کیێڵەکانی سەرپشتم نیشانیان دەدەم ئیتر هیچ هێزێك ناتوانێت لەوانم جوداکاتەوە، ئەگەر خوانەکا مەحکومی مەرگش کران، ئەوا کوڕە پورەکەم دەنێرمەوەو لەگەڵ ئەواندا خۆشترین مەرگ دەبینم، خۆ گەر ویژدانێك ژیانیان پێ بداتەوە؟ ئەوا لەگەڵ خۆمیان دەهێنمەوە، ئاخر ئەوان بەقەد گرانایی پەڕێك گوناهیان نیە؟!.

لەقەڵاکە نزیك دەبوینەوە، کوتەی دەڵیشم بەرز دەبۆوە، قەڵاکە هێندە سامناك بوو دەورو بەریشی هێندە چۆڵوهۆڵ دەتگوت زیندەوەری تێدانیە، باڵندەکانیش بەئاسمانەوە نەدەبینران، تەنها سەگەبەرەڵاکان مڕوملەوەس بەزۆری دەبینران. لەپشتی قەڵاکە دابەزین، بۆنی گەنیو لوتی پڕکردبوم، چاوم گێڕا چووەسەر پێنج شەش منداڵ لەتەمەنی (١٠-١٢) ساڵان دەبوون، نزیك لەقەڵاکە دەوروخولیان بوو، بۆلایان چوم دوو منداڵیان نزیکبوون لێمەوە ڕێك بەتەنیشت یەکەوە ڕاوەستانو یەکەی پێ یەکیان بەزەوییاداو سڵاوی سەربازیان بۆکردم, ڕەنگ لەڕویان نەبوو، جل شڕو پێ خاوس کزەیان لەجەرگم بەردا, لەدڵی خۆما گوتم: خۆیانن.. ئەنفالەکانن!.

باوەشم پێداکردنو ماچیانم کرد، سەرسام لەفرمێسکەکانم ڕامابوون، منیش بەتەکیانەوە, حەزم لەگریانێك بوو ناخم خاڵی کاتەوە.. گریان لەگەروم

شەپۆلی دەدا، ، ڕوم لەئاسمانکرد: خودایە ئەمانە چ غەنیمەیەکن؟! بیابان لەژێر پێیانا هەرەس ناهێنێ؟. ئەمەم گوتو دەمم لەگوێچکەیان نزیك کردەوە پرسیم: ئێوە لێرە چیدەکەن؟. منداڵەکان دەمیان داپچڕاو ڕویان بۆلای منداڵەکانی تر وەرسوڕاندو بانگیان کردن: خێراکەن وەرن ئەم خاڵۆیە کوردە. منداڵەکانیدیش بە پڕتاو هاتنو لەدەورم کۆبونەوە، ئەوانشم ماچ کردو پرسیم: خەڵکی کوێن ئەی لێرە چیدەکەن؟. یەکێکیان گوتی: خەڵکی لای قادر کەرەمین. دوانیش گوتیان: کاغەزو شت هەڵدەگرینەوە دایکمان لەقەلاّکە ئاوی پێگەرم دەکەن. لێیانم پرسی: ئەی منالەکانی من.. لەگەڵ ئێوەدا نین؟ کوڕەکانم ناویان: (سەردار، تەلعەت، نیزام، ڕێبوار)ە کچەکانم ناویان: (نازەنین، سەفین، شەونم)ە هەموویان لەگەڵ دایکیانن ناوی ئامینەیە. تەماشای یەكو دوویان کردو بێدەنگ بوون، پرسیمەوە: لەگەڵ ئێوەدانین لەقەلاّکە؟. لام ڕوون نیە مدالەکان چۆن وەلامیان دامەوە، زۆرجار دێت بەبیرما، ئەوان گوتیان: نایان ناسین. بەلاّم باش ئەوەم لەبیرە، ئامێزم بۆ هەموویان گرتبۆوە، لەدەنگی کوڕە پورەکەم سەرم هەڵبڕی بینیم پۆلیسێکی درێژی بەناو سالاّچو، چەکەکەی بەدەستێك گرتبوو بەدەستەکەی تری بەئاستەم لەسەر خۆی دەداو بەعەرەبی، قسەی دەکرد، کوڕەپورەکەم پەلکێشی کردم بۆ لای ماشێنەکەو بەشپرزەییو لێوەلەرزە دەیگوت: ئەو پۆلیسە دەڵێت: ئەگەر پیاوانی ئەمن پێ بزانن ئێوەش ئەنفال دەکرێن! ئەوە مەرگ بۆ ئێرەی هێناون..؟ بۆ خواپێتاندەڵێم فریای خۆتان بکەون!. شۆفێرەکە چوبووە ناو ماشێنەکەی دەی ویست خۆی قوتارکاتو ئێمە

جێهێڵێت. نازانم چۆن خۆمان کوتایە ناو ماشێنەکەوە، بەدرێژایی ٢٠ مەتری ڕێگاکە لاقێکم بەزەوییەکەیا دەخشا، سەرم لەجامەکەوە دەرکردبوو.. لەمنداڵەکانم دەڕوانی, وای لەو نیگایانەی منداڵەکان .. بەدوامانەوەبوون، لەوانەیە گوتوبێتیان: منداڵی خۆیان نەبوین بۆیە نەیان بردینەوە.
شۆفێرەکە ئەوەندەی وزە لەماشێنەکەی هەبوو لێیدەخۆڕی، بەدرێژایی ڕێگاکە تۆزو خوبار نانیشتەوە، شۆفێرەکە ڕێگای گۆڕی، تا ناوسەماوە هەر پرتەو بۆڵەی بوو، دەیگوت: ئێوە منتان بۆمردن بۆ ئێرەهێنا، ئەگەر میری پێ بزانێت گوللە بارانم دەکات، ئێوە بۆ نەتانگوت دەچینە سۆراخی ئەنفالەکان؟.

وا بۆ ١٨ سالٌ دەچێت نیگای منداڵەکان بەدوامەوەن، سالٌ دەڕواتو خۆ لەهەر گۆشەیەك دەنێم بەدوامەوەن، لەشەوانی تاریكو نۆتکدا نیگاکانیان دادەگیرسێن، لەهەموو ڕۆژانی هەینیش تامزگەوت بەدوامەوەنو لەپاینی نوێژ خوێنەکان ڕادەوەستن، ئەوان نازانن چ نزایەك بۆ خۆیان بکەن، بەلاّم دەزانن من دەگەڕێمەوە بۆ نیشتمانەکەیان...؟.

تێبینی: چیرۆکێکی ڕاستینەیەو کابرای گێڕەرەوە لەژیاندا ماوە.
٢٠٠٦/٥/٣ کەرکوك

# دایـك

ئازارەکانی پیری ... تادەهات کەنەفتیـدەکردی و یادەوریـەکانی کچێنیـشت گریانێکی خنکاوبو لەناختدا... کەس پەی پێنە بردبوو! .

لە هەرەتی جوانیتا قەدەر تەنیای کردی, توش حەزە دنیاییيەکانت لـە ژێـر پێناو خۆت تەرخان کرد بۆ لەخـەم رەخـساندنی کۆرپـەکانت. کەگـەورەش بون و بەدوای ژیانی خۆیاندا چۆن, خەمی توش زیـادی کـرد و... هـەموکات هەستوسۆزت لە دویان, پەرێشانی کرد بویت.

ئـەوەی شـادی بـەدڵت دەبەخـشی, ئـەو ماوەکەمـەبوو.. هەفتانـە خوانێـك کۆیدە کردنەوە.

ئـیتر ئـەو خەمــەی کـەلێت نـابۆوە, لــەو پرســیارەدابو بــەردەوام لــە خۆتدەکرد:" ئاخۆ لە دوای مردنم, دەبێت چۆنی بگوزەرێنن؟؟".

# سیاسەت

دەمێك بوو.. حەزێك لەسەروی توانای خۆت, پەلكێشی دەكردی.
لەگەلّ هەلّكشانی تەمەنتدا, ئەو حەزەش تێكەلّ بە ئازارێك لەگەلّتدا گەورەبو كاملّ بو!. لە ئەنجامی هزری تیژو فراوان بوونی دینابینیت, ئەو حەزو ئازارەت, دەبووە مەسەلەیەكو خۆت بۆی ئامادەدەكرد. تا دواجار.. ئاوێزانی بویت و لەو سەرەوە بەگۆڕ غەریبی لێی دەر چویت !.

## ژوان

کە بە سۆزی دڵ, بیرت لێی دەکردەوە.., ئالوشی جەستەت دەبزوانـدی و فشاری حەزەکپ کراوەکانی ناخت, لیکاوی پێدە ڕژاندیت .
ئیتر خەیاڵێکی خۆش و فڕینێکی نەرم, بەسەر مێرگی ڕازاوەدا دەیبردیت .
وەڵـی کـە بـەلۆژیك بـیرت لێـی دەکـردەوە, ئـاگرو تفـەنگ و چـەقۆ.. جەسـتەتیان دەکـردە کێڵگـەی بـرین و لـە بـۆنی سوتانەکەشـت .. لوتـت پڕدەبو!. تۆش زارە ترەك دەبویـت و لـەژێر پێخەفەکەتـدا خـۆت گرمۆڵـە دەکرد.

چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی) / زنجیرەی ( ٥٨ ) / کەرکوك ٢٠٠٨